بۆپێشەوە
FORWARD بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە
ساڵی دووەم ژمارە (34) 15/8/2018
مانگی دووجار، لە (1)و(15)ی هەموو مانگێکدا دەرئەچێت
بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە

**ژمارەیەکی بەرچاو لە ڕۆشنبیران و ڕۆژنامەنووسان و چالاکوانی مەدەنی دژی ئابلۆقەدان و جەنگ کەمپەینێک ڕادەگەیەنن**
ل2

# هەڵبژاردن لەکۆمەڵگەی کوردستاندا، یارییەکی بێ ئاکام و فریوکارییەکی ئاشکرایە، بۆیە پێویستە دەنگی "نا" و "بایکۆت" نوێنەرایەتی بکرێت!

## وتەی ژمارە

وا بریارە لە ٣٠ ئەیلولی داهاتوو هەڵبژاردن بۆ پەرلەمانی کوردستان، بەڕێوە بچێت. لە ئێستاشەوە هەموو حزب و لایەنە سیاسییەکانی ناو خانەوادەی بۆرژوازی کورد خەریکی ئامادەکارین بۆ ئەم هەڵبژاردنەو لە داهاتویەکی نزیکیشدا، بانگەشەی هەڵبژاردنەکان دەست پێدەکات، دوبارە ماشینی درۆسازی، بەڵینی بێ بنەما، وادەی زل و بێ ناوەرۆک، کۆمەڵگە سیخناخی درۆ و فریوکاری دەکات. هەڵبژادنی ئەمجارە لە هەلومەرجێکدا بەرێوەدەچێت، کە هەم حزبەکانی خاوەن دەسەڵات و میلیشیا دەرگیری ئەزمەن و پێگەی سیاسیان لە لەسەر ئاستی ناوچەکەوعێراق و کوردستاندا بەرەو داکشان چووە، هەم هێزەکانی بەناو ئۆپۆزیسیۆن" کە ئێستاشی لەگەڵ بێت لەدەسەڵاتدا بەشدارن و بەشدار بوون" توشی پاشەکشەیەکی ئابرووبەرانە هاتوون و ئاە ناڵەیان بۆ لەدەست دانی پێگەو پاشەکشەیان، بەردەوامە.
خەڵکی کوردستان لە هەڵبژاردنی پێشوو بۆ ئەنجومەنی نیشتیمانی عێراق، وەکو تەواوی خەڵکی عێراق، بەرێژەیەکی یەکجار کەم بەشداری هەڵبژاردنیان کرد و بەپێی ئامارە فەرمیەکان، نزیکەی ٧٠% لەسەدی هاوڵاتیان بایکۆتی هەڵبژاردنەکانیان کرد. بایکۆتی هەڵبژاردنەکان لەلایەن هاوڵاتیانەوە، کاردانەوەی تورەیی و نەفرەتی جەماوەری بوو لە دەسەڵاتی میلیشیایی پارتی و یەکێتی و تاڵانی و برۆیەکی ئاشکراو ئەو نابەرابەرییە ئابوری و چینایەتییە قوڵەی لە کوردستاندا هەیە، هاوکات سزادانی ئەو حزبە بەناو ئۆپۆزیسیۆنانە بوو، کە هەم لەدەسەڵات بەشدارن و لە سفرەی پڕی دزی دەسەڵاتدا ئاوساون و دەخۆن و هەم خۆیان بە ئۆپۆزیسیۆن دەزانن و یەک تاکە وادەو بەڵێن و بەندێکی یەک پاکیجیان، بەهیچ شوێنێک نەگەیشت. ئەم ئۆپۆزیسیۆنە نەک هەر جەماوەری کوردستان، بەڵکە لایەنگران و جەماوەرەکەی خۆشیان نوقمی بێ هیوایی و بێئومێدی کرد.
جیا لەوانەش خەڵکی کوردستان، بە کردەوە بۆیان رۆشن بۆتەوە، کە هەڵبژاردن هیچ لە واقعیەتی زاڵم ئاساو نەخوازروای ژیان و گوزەرانیان ناگۆڕیت و ناکرێت دەسەڵات لە رێگای هەڵبژاردنەکانەوە ئاڵوگۆڕی بەسەردا بێت... هەموو ئەمانە پایەکانی بایکۆتی هەڵبژاردنی پێشوو بوون.
لەم هەڵبژارنەی بەرێوەیە، ترسی هەموو لایەنەکان لە بەشداری نەکردنی زیاتری جەماوەردا لە هەڵبژاردنەکان و هەڵکشانی دەنگی بایکۆت، راستییەکە حاشاهەڵنەگرەو هەموو لایەنەکان راستەوخۆ یان ناراستەوخۆ دانی پێدادەنێن...
راستیەک هەیە دەبێ پێداگری لەسەر بکرێت، بەشداری نەکردنی خەڵکی کوردستان لە هەڵبژاردنی رابردوودا، بەرهەمی خۆهۆشیاری جەماوەری و چوونە سەری ئاگایی هاوڵاتیان نەبوو، بەرهەمی کاری رێکخراوی هیچ حزب و لایەنێکی سیاسی و بژاردەیەکی کارای سیاسی و مەدەنی نەبوو، بەڵکو بەرهەمی چوونە سەری تورەیی جەماوەری و بێهیوایی بوو، بە دەسەڵات و ئۆپۆزیسیۆن، بەرهەمی بەکردەوەی راستیەکی ئەزموونکراو بوو کە ئاڵوگۆر لە رێگای هەڵبژاردنەکانەوە مەیسەر نابێت.
لە ئێستادا کە جارێکی تر خەڵکی کوردستان دەخرێتەوە بەردەم هەڵبژاردنێکی تر، پێداگرتنەوە لەسەر چەند راستییەک، پێداویستیەکی ژیاریی و گرنگە...
کۆمەڵگەی کوردستان، کۆمەڵگەیەک نییە، کە حکومەت و پەرلەمان، یاسا، هیچ جیگایەکی سەرەکیان لەواقعیەتی سیاسی و قەڵەمرەوی فەرمانرەواییدا هەبێت... بەپێچەوانەوە کۆمەڵگەی کوردستان پاوانی دوو دەسەڵاتی پشتبەستوو بە میلیشیایی چەکدار، کۆنترۆڵی تەواوی سەرچاوەکانی داهات، خوگرتن بە نۆکەر سفەتی بۆ وڵاتانی ناوچەکەیە. حکومەت و پەرلەمان و یاسا!! ش، لەژێر چەکمەی ئەو دەسەڵاتەدان و بۆ رەوایەتی دان درێژەدان بەهەمان دەسەڵات و هاوکات بۆ شێواندنی رای گشتی و فەرمی دنیایە...
بە پێچەوانەی هەموو دەوڵەت و کۆمەڵگەکانی دنیا، کە یەک دەسەڵاتی سەراسەری "بێ گوێدانە ناوەرۆکی دەسەڵاتەکە" وڵات بەڕیوەدەبات و خاوەنی یاسایە "هەر یاسایەک"... لەکوردستان دەسەڵات، دابەشی دوو بەشی یەک جغرافیایە، هەرکام لەو بەشانە دەسەڵاتێک دەستی بەسەردا گرتووە. ئاڵوگۆرهێنان... بەسەر ئەم دەسەڵاتەدا لەهەرکام...

بۆ لاپەرە ٢

## پەیکەری کەلتورو خۆشەویستی پەردەی لەسەر لادرا

هونەرمەندی پەیکەر تاش زیرەک میرە لە پرۆژەیەکی تازەی هونەری خۆیدا، پەیکەری" کەلتور و خۆشەویستی" کردە دیاریەکی ناوازە بۆ شاری سلێمانی... ئەم پەیکەرە کە نۆ مەتر درێژەو لە ستیل دروستکراوە، بەیانی کەلتورێکی تایبەتی کۆنەپەرستی دژە خۆشەویستیمان بۆ دەخاتە روو...



ئەم پەیکەرە بەیانی ئەوە دەکات، خۆشەویستی لەژێر هەرەشەدایە، چەقۆی پیاوسالاری و شەرەفپاریزی وەکو کەلتورێکی بۆگەناوی داوکەوتوو، لەبەرامبەر بە خۆشەویستیدا، راستیەکی تاڵ و حاشالێنەکراوە... هەروەها ئەو پەیکەرە گەورەیی خۆشەویستی لەبەرامبەر بەچەقۆی زل و زەبەلاحی پیاوسالاری و کەلتوری خۆشەویستیدا نیشان دەدات و پێمان دەڵیت، چەقۆی تیژی قەسابی خۆشەویستی چەندەش گەورەو تیژ بێت، هەر لە ژێر پێی خۆشەویستیدایە و ناتوانێ بکوژی خۆشەویستی بێت... هەر لە ئیستاوە دەنگی نوساوی کۆنەپەرستی لەبەرامبەر بەو پەیکەرەدا دەبیستریێ و هەرسانن پێێ، ئەمەش نیشانەی ئەوەیە کەلتوری پیاوسالاری و کۆنەپەرستی، چاویان بەهیچ سیمایەکی جوان و هیچ دیاردەیەکی سەردەمی و زمان و رەنگێکی ئەدەبی و هونەری سەرچاوەگرتوو لە خۆشەویستی هەڵنایەت و هەرەشەکانیان دەبیستریێت، و دەبێت ریگە نەدرێت ئەو پەیکەرە کە خۆی زادەی کەلتوری خۆشەویستی و دژە توندوتیژیی ژیانە، بکەوێتە بەردەم فیشەک و خەونی دارماندنی لەلایەن کۆنەپەرستانی جلەو دەست بەرەڵاکراوی دەسەڵاتی سیاسی و کۆنەپەرستی کۆمەڵگەوە...

## دەبێ دەست بەجێ ئەڤرەس، ئازاد بکرێت ل2

### لەم ژمارەیەدا ئەم بابەتانەش دەخوێننەوە:

* کوردستان باشترین بازاڕ بۆ ساغ کردنەوەی خراپترین.........ل3
* کارو زەواجی منداڵان لە میسر...............................ل3
* مەنسوری حیکمەت لە وەڵام بە پرسیارێکدا...................ل4
* هۆکارەکانی پەرەسەندنی توندوتیژی و تیرۆری ژنان..........ل5
* پشتیوانی لە ئابلۆقەی ئابوری مەکەن........................ل6
* بۆ رزگاری لەچەوساندنەوە ئەبێت سیستەمەکە بگۆردرێت.......ل7
* لەگۆشەیەکی ترەوە... بۆچی مەگەر بارزانی..................ل9

## هەواڵی ناڕەزایەتییە کرێکاریی و جەماوەرییەکان ل 8

## گۆشەی دیمانە لەگەڵ هەڵسوڕاوانی چەپ و کۆمۆنیستی زیندانی کراو... ل 10

## درێژەی وتەی ژمارە...

لەو جغرافیایەدا لەگرەی رابوون و هاتنەمەیدانی ئەم زونەوە مەیسەر دەبێت، نەک هەڵبژاردن و گەمەی پەرلەمانی.

ئەگەر لەهەر وڵاتێکی دنیا، چەند حزبیک کێبەرکێی دەسەڵات دەکەن لەهەڵبژاردنەکاندا، سەرئەنجام حزبێک بەپێی زۆرینەی دەنگەکان، بەپێی یاسا، دەسەڵات وەردەگرێت، و حزبی براوە بۆ چوار ساڵ یان دوو دەورە خاوەنی دەسەڵاتی سەراسەری وڵاتە، ئەوا لە کوردستان ئەگەر دەیان هەڵبژاردنیش بکرێت، دەسەڵاتی زونی زەرد ئەگەر لەهەڵبژاردنەکاندا کەمترین دەنگیش بهێنێ، ئامادە نییە دەسەڵات و داهات و پۆست و بەرێوەبردنی ئەم زونە بداتە دەستی حزبی براوە. بەهەمان شێوە ئەگەر دەسەڵاتی زونی سەوز، بەپێی دەنگدان و هەڵبژاردن، سەرنەکەوێت، بەهەمان شێوە ئامادە نییە، دەستبەرداری دەسەڵات و داهات و پۆستەکان و بەرێوەبردنی ئەم زونە، ببێت. وازهێنان لە دەسەڵات یانی دەستبەرداربوون لەهەموو سامان و داهات و نیعمەتەی لە رێگای دەسەڵاتێکی ناشەرعیەوە، دەستیان بەسەردا گرتووە، یانی مەرگی سیاسی، ئامادەی ئەو مەرگە نین... ئەمە تایبەتمەندییەکی دەسەڵاتی میلیشیاییە... کە تەواو ناکۆکە بەدەسەڵاتی دەوڵەتداری و وڵاتداری لە دنیادا.

ئەم دۆخە تایبەتە وای کردووە، تەنانەت رووبەڕووبوونەوەی دەسەڵات، لە هەرکام لەزونەکاندا، جیاوازی هەیە. ئەگەر لەهەر وڵاتێکی دنیادا، لەگەڵ دەستبەسەراگرتنی حکومەت و پەرلەمان، دەسەڵاتی حزبی باڵادەست کۆتایی پێدێت، ئەوا لە کوردستان حکومەت و پەرلەمان ئەگەر چۆڵ و هۆڵ و تەنانەت هەر بوونیشیان نەبێت، هیچ ڕونادات... وەکو ئەوەی کە زۆرجار بینیومانە. هەروەها ئەگەر راپەرین یان راسانێکی جەماوەری دەست بەسەر حکومەت و پەرلەماندا بگرێت... هەرگیز بەمانای کۆتاییهاتنی دەسەڵات نییە. مەرج نییە کۆتاییهێنان بەدەسەڵاتی زونی زەرد، بەمانای کۆتاییهاتنی زونی سەوز بێت، یان بە پێچەوانەوە. گۆڕین یان هاوسەنگی هێز لەهەر کام لەم زونانە تایبەتمەندێتی خۆی هەیە.

تەنانەت لەهەرکام لەو زونانەشدا، دەست بەسەراگرتنی هەموو دام و دەزگا حکومییەکان دیسان بەمانای کۆتاییهاتنی ئەم دەسەڵاتە لەم زونانە نایەت. هێزی سەرەکی دەسەڵات لەهەر یەک لەم زونانەدا، پشت بە هێزێکی چەکداری هەمەچەشنە بەستووە. لە هێزی پێشمەرگەو و زێرەڤانی و دژە تیرۆری دەمامکدار و بێ دەمامک و ئاسایش و هێزی تایبەت و هێزی بەرپرسە حزبیەکان... و هیچ کام لەم هێزانەش نەک هێزی یاسایی و سەراسەری نین و دابەشی دوو حزبی دەسەڵاتی ئەم هەرێمەن، بەڵکو هەمیشەش لە پێناو دەسەلات و بۆ پاراستنی دەسەڵاتیان ئامادەی جەنگینن لەگەڵ یەکتری. ئەم دوو دەسەڵاتە هەر یەکەیان تەنها لەزونی خۆیدا و بە راسانی جەماوەری دەکرێت دەسەڵاتیان کورت بکرێتەوە یان لێ بسەنرێتەوە. دیارە بەو هۆیەوە کە تێکچوونی هاوسەنگی هێز لە هەر زونێکدا، ئەگەر لەلایەن جەماوەری تورەو نارازییەوە روبدات، هەردوولا دەبنە هاوکار و فریاد رەسی یەکتری، چونکە کاریگەری ئەم دوو زونە لەسەر یەکتری و پەرینەوەی دەنگی نەفرەت و نارەزایەتی لە زونی سەوزەوە و بۆ زەد دا یان بەپێچەوانەوە، راستیەکی حاشاهەڵنەگرە.

هەموو ئەم تایبەتمەندیانە وای کردووە، کە هەڵبژاردن و گەمەی هەڵبژاردنەکان، لەئاستی سەراسەریدا بۆ پەرلەمان بێت یان لەئاستی شارەکان و بۆ شارەوانیەکان، بێت، هیچ ناگۆرێت. ئەوەی بڕیار دەدات کێ براوەیەو دەسەڵات لەدەستیدا دەمێنێتەوە، هێزی چەک و زۆر و ترساندن و بەبارمتەگرتنی پاروی دەمی خەڵک و پشتیوانی وڵاتێکی ناوچەییە، بۆ هەر یەک لەزونەکان. نە پارتیەکانی زۆنی زەرد دەتوانن بەرپرسیاریەتی لە زونی سەوزدا وەربگرن و بریارەکانی ئەم زونە کارپێبکەن و نە یەکێتییەکانی زونی سەوز دەتوانن لە زونی زەردا دەسەڵاتیان هەبێت و بریارەکان بەهەند وەربگرن. دیارە بۆ حزبەکانی تریش هەروایە. هەرکام لە حزبەکانی دەرەوەی دەسەڵات، بەکردەوە دابەشی سەر هەردوو حزبی دەسەڵات بوون و لە بازنەی بەرژەوەندی ئەواندا دەسوڕێنەوە. ئەوەش کە کێ و کام یەک لەم دوو حزبە دەتوانن مامەڵە و بریار لەگەڵ دەسەڵاتی ناوەند یان لەگەڵ دنیای دەرەوە بکەن، بەهەمان شێوە پەیوەندی بە زۆری قەڵەمرەوی سیاسی وجغرافیای زۆرتر و بوونی هێزی چەکداری گەورەترو پشتیوانی ئیقلیمی و جیهانی فراوانترەوە هەیە. بۆیە باسی دەستاو دەستکردنی دەسەڵات، یان کۆتاییهینان بەدەسەڵات لە رێگای هەڵبژاردنەکانەوە، لە وەهمێک زیاتر هیچی تر نییە...

لەوانەیە ٢٧ ساڵی رابردوو باشترین پێوانە بێت، بۆ لەمحەکدانی ئەو راستیانەی سەرەوە.

ئەو راستییە سەلماو ئەزموونکراوانەی دەسەڵات و ئۆپۆزیسیۆنە بودەڵەکەی، کە بەکردەوە بەشێکن لە مێژووی دەسەڵاتدارێتی ٢٧ ساڵەی رابردوو، بەو راستیەمان دەگەیەنێت، کە هەڵبژاردن لەکۆمەڵگەی کوردستاندا گەمەیەکی ساختە، یارییەکی بی ئاکام، فریوکارییەکی ئاشکرایە... بۆیە نابێ خەڵکی کوردستان بەشداری لەم کایەدا بکات... وە پێویستە دەنگی نارەزایەتی جەماوەری و دەنگی فراوانی "نا" و "بایکۆت" لەلایەن رابەرانی بزوتنەوەی کرێکاریی و جەماوەری" وەکو کرێکاران ژنان، لاوان، خوێندکاران، مامۆستایان و کارمەندان و توێژە بێبەشەکانەوە نوێنەرایەتی بکرێت و بایکۆت و نا وتن بە هەڵبژرادن ببێتە خۆ هۆشیارییەکی جەماوەری و خۆ سازدانێکی فراوان وەکو پێشمەرجی کۆتاییهێنان بەو دەسەڵات و مەرگەساتەی ٢٧ ساڵە یەخەگیری کریکاران و کارمەندان و بێبەشانی، کۆمەڵگەی کوردستانە...

# ڕۆشنبیران و ڕۆژنامەنووسان و چالاكوانی مەدەنی دژی ئابلۆقەدان و جەنگن

سیاسەتی جەنگی ئابووری و تیرۆری کەسایەتییەکان لەلایەن ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی پێشێلکردنی شەرعەتییەتی نێودەوڵەتی و جارنامەی جیهانی مافی مرۆڤ درێژەی هەیە: هەر لە ئابلۆقەدانی نامرۆیانەی کوبا، کۆریای باکوور، لیبیا، سوریا ، فێنزویلا و ئێستا ئێران تا هەوڵی تیرۆرکردنی مادۆرۆ(سەرۆکی فێنزویلا) بەهۆی ئەو ملهوڕییانەوە، بێکاری، هەژاری و وێرانکردنی خزمەتگوزاریە گشتییەکان و گرانی و جەنگی ناوخۆ و زیندوکردنی عەشرەتگەرایی و مەزهەبگەرایی بەناوی دیموکراسی و مافی مرۆڤ دەکەن بە دیاری بۆ مرۆڤایەتی و پاشان جەنگ و وێرانکارییەکان.

ئێمە وەک رۆشنبیر و رۆژنامەنووس و نووسەر و چالاکوانی مەدەنی دژی ئابلۆقەدان و جەنگی ئەمریکا و (ناتۆ)ین لەسەر خەڵکی ئێران و داوادەکەین کێشەکان بەڕێگای دیالۆگ چارەسەربکرێن و ئاشتی لە ناوچەکەمان بپارێزرێت.

ئێمە دەنگمان دەخەینە پاڵ خەباتی خەڵکی کارگەر و هەژارانی گەلانی ئێران و پێمانوایە کە خەڵکی خۆڕاگری ئێران مافی خۆیەتی چۆن لەگەل حکومەتی وڵاتەکەیان رەفتاردەکەن و مافەکانیان لە ئازادی دادوەری کۆمەڵایەتی دەستدەخەن.

نا بۆ ئابلۆقەی ئابووری و جەنگ.. نا بۆ دکتاتۆریەت و ستەمکاریەکانی...

**ژمارەیەک نووسەر و ڕۆژنامەنووس و هەڵسوڕاوی سیاسی مەدەنی**

# دەبێ دەست بەجێ ئەڤرەس، ئازاد بکرێت




زیاتر لە مانگێکە یەکێک لە هەڵسواڕاو بەشدار لە خۆپێشاندان و نارەزایەتییەکانی شاری هەولێر، بەناوی ئەڤرەس لەلایەن ئاسایشی هەولێرەوە دەستگیر کراوە، وەکو دەوترێت ئەڤرەس تاوانەکەی تەنها ئەوەیە کە هەمیشە لە پێناو ماف و داخوازییە رەواکانی خەڵکی کوردستاندا خەریکی تێکۆشان بووە. ڕاگرتنی ئەڤرەس بۆ زیاتر لە مانگێک لە زینداندا بەتۆمەتی بەشداری و چالاکی جەماوەری پێشێلکردنی ئاشکرای ئازادی و کاری سیاسییە، بۆیە پێویستە دەست بەجێ ئازادبکرێت. ئەرکی هەموو هێزو حزب و لایەنێکی سیاسی و هەموو ئازادیخواز و تیکۆشەرێکی ڕێگای ئازادییە، کەگوشار بخەنە سەر دەسەڵات تا دەست لە سەرکوت و تۆقاندن هەڵبگرێت و ئەڤرەس ئازاد بکات.

# قوربانیانی توندوتیژی و نامووسپەرستی




شەوی ١١ی ئەم مانگە لەیەکێک لەگوندەکانی سەنگەسەر لە سنوری پشدەر بەناوی زەنگڵان، ژنێکی تەمەن سەرو پەنجا ساڵ بەناوی" ێ، ق" دەست بۆ خۆکوژی دەبات و لە ڕێگای خۆهەڵواسینەوە بە پەت کۆتایی بەژیانی خۆی دەهێنێت... دەوترێت پەراو بۆ دۆسیەکەی کراوەتەوە...

جیگەی رامانە، بەپێی ئاماری بەرێوەبەرایەتی توندوتیژی هەرێم، لە پێنج مانگی سەرەتای ئەمساڵدا، ٢٢ ژن گیانیان لێسەندراوەتەوەو کوژراون، وە بەدەیان ژن بۆ راکردن لەدەست دۆزەخی ژیانیان و پیاوسالاری دەستیان بۆ خۆکوژی و خۆسوتاندن بردووە، بەسەدان سکاڵاش لەدژی توندوتیژی لەلایەن ژنانەوە تۆمارکراوە... هەروەها بەپێی هەمان سەرچاوە، ژمارەی توندوتیژی بە بەراورد بە ساڵی رابردوو زیادی کردووە...

# کوردستان باشترین بازاڕ بۆ ساغکردنەوەی خراپترین کاڵاو کوشتاری شێنیەیی خەڵک

عبداللە مەحمود

لەوە ئەچێت بۆمبابارانکردنی خەڵکی کوردستان، قەدەرێکی مارەبراوی ئەبەدی جیانەبووەوە بێت لەهاوڵاتیانی کوردستان. هەرجارەش بە شێوەیەک و بەجۆرێکی تایبەت بەڕێوەبچێت. خەڵکی کوردستان کەم بەدەستی ڕژیمە یەک لەدوای یەکەکانی عێراق و ولاتانی کۆنەپەرستی ناوچەکەوە، بەتایبەتیش ڕژیمی بەعس بۆمباباران نەکراوە، ئاماری کوشتاری خەڵک بە بۆمباران و لەوانەش واوەتر بە چەکی قەدەغەکراوی نێودەوڵەتی وەکو بۆمبی هێشوویی، ناپاڵم، کیمیایی ....تاد. بەهەزارانن.

لەو کاتەشەوە دەسەلاتی بەعس وەلانراوە، کوردستان دەستی پیسی ئەوانی بەسەرەوە نەماوە، دەسەلات سپێردراوەتە ئەحزابی قەومی کورد، جگە لە قوربانیانی شەڕی ناوخۆ، جگە لەقوربانیانی تیرۆریزمی ئیسلامی، جگە لەقوربانیانی ناموسپەرستی و پیاوسالاری، قوربانیانی بۆمبارانکردن و ژەهراویکردنی کوردستان و خەڵکەکەی بە خۆراک و دەرمانی بەسەرچوو و کۆن، قەدەرێکی ترە. و دەستی ناوەتە بینەقاقای خەڵکی کوردستان.

بەپێی قسەی بەرپرسی لیژنەی چاودێری کوالیتی خۆراک، و ئەو بەرنامانەی جارجار لایەک لە خۆراک و دەرمان دەدەنەوە، زوربەی زۆری خواردن و خواردنەوەو دەرمان و پێداویستیەکانی بەڕێوەچوونی ژیانی خەڵکی ژەهراوین، کۆن و بەسەرچوون، لە ئاکامی خواردنی ئەم خۆراکە پیس و بەسەرچوو ژەهراویانەدا، نەخۆشی قورس، لەوانە شیرپەنجە و جەڵتەی دڵ و دەماخ بە ڕادەیەکی سەرسوڕهێنەر لەکوردستان زیادی کردووە.

هێنانی ئەم موادە بەسەرچووانە و کاڵا ناچیزانە بە نرخێکی هەرزان و قازانجی خەیاڵییەوە، لەلایەن سەرمایەدارانی کوردو بەرپرسانی ئەحزابی دەسەلات بەدەستە.

هەموو لایەک ئەو ڕاستییە دەزانن کە بازاڕی کوردستان و هەموو بوارەکانی ژیان و ژیاری لەلایەن هەردوو حزبی دەسەلات بەدەستی کوردستان یان کەسانی نزیک بەخۆیانەوە پاوان کراون، یەکێک لە سەختیەکانی ئەم ژێر سایەی ئەم دەسەلاتە میلیشیا حزبییە ئەوەیە کەسی دەرەوەی دەسەلات ناتوانێت سەرمایە بخاتە گەڕو وەبەرهێنان بکات ئەگەر ئەوان لەو بازاڕەدا کە ناویان ناوە" بازاڕی ئازاد" تەئیدی نەکەن و نەبێتە شەریکە بەشی خۆیان.

هیچ لەوەش ڕۆشنتر نییە، ئەوەی کە دەتوانێت بازگەکانی ئەم ولاتە بەسانایی ببڕێت ئەو کۆمپانیایانەن کە پەیوەندی ڕاستەوخۆیان بەدەسەلات و سەرمایەداری سەر بەدەسەلات و سەیارە جام ڕەشە ناونەبینراوەکانەوە هەیە، تەنانەت ئەو خۆراک و مواد ودەرمانانەش کەهەندیک جار ئەیسوتێنن و دەستی بەسەرائەگرن ومیدیای ئەم ولاتە نیشانی خەڵکی ئەدەن، ئەوبەشەیە کە دیسان ئەم کۆمپانیایانە فرۆشتویانەتە چەند دوکاندارێک. ئەگەر نا هەرگیز ئاگر و زبڵخانەکان یەک کیلۆ موادای بەسەرچووی کۆمپانیا زەبەلاحەکانی بەرپرسان و سەرمایەدارانی سەر بە حزبیان نەبینیووە.



ئێستا خۆراک و دەرمانی کۆن و ماوە بەسەرچوو لەپاڵ دەسەلاتی تالانچی و مافیایی و ئۆپۆزیسیۆنێکی بودەڵەی قیرقیرکەردا، لەپاڵ میتی تورکی و بەرەی تورکمانیدا، لەکەنار دەستێوەردانی بەردەوامی ئاخوندەکانی ئێراندا، لەڕێگای قازانج پەرستان وسەرمایەدارانی کوردەوە بەسەر خەڵکی کوردستاندا دابەشدەکرین. ئەو خۆراک و دەرمانە کۆن و ماوە بەسەرچوانە کە بازاری کوردستان بۆتە باشترین بازار بۆساغکردنەوەیان، هاوکات بۆتە قەتلگایەکی هەمیشەیی شێنیەیی بۆ خەڵکی کوردستان، ئاماری نەخۆشیەکان و خەستەخانەکان گەواهی ئەو ڕاستیەن، کە ڕۆژ بەڕۆژ ڕادەی مردن بە نەخۆشی دڵ و شێرپەنجە زیاد دەکات.

ئەم کوشتارە هیچ جیاوازیەکی لەکوشتاری بۆمبابارانەکانی تری کوردستان کەمتر نییە کە بەعس ئەنجامدەری بوو، جیاوازی لەگەڵ کوشتاری دیل و قوربانیانی جەنگی ناوخۆ نییە، ئەگەر جیاوازیەک هەبێت ئەوەیە کە کوشتاری ئەمجارە بە چەکی گەرم و چەوری بەعس و ولاتانی ناوچەکە نییە، بەناپاڵم و بۆمبی هێشوویی و غازی خەردەل و سیانید نییە، کوشتارگاکەی کەپکی حەمەدئاغاو کوێ و کوێ نییە، کاریگەریەکەی لەچەند چرکەیەکدا نییە. بەڵکە ئەمجارە بەچەکی ساردو ئەو موادە کیمیایانەیە، کە لە ئاکامی کۆن بوون و ماوەبەسەرچوونی خۆراکدا پێکهاتوون، مەرگەکەی شێنیەیی و لەسەرخۆیە، ئەنجامدەرانی سەرمایەدارانی سەر بەئەحزابی دەسەلات بەدەستی کوردستانن.

ئەگەر ویژدانی مرۆڤایەتی بەرامبەر بەکارەسات و تراژیدیاکانی سەرخەڵکی کوردستان لەوانە بومباباران و کیمیابارن و ئەنفال، بێدار نەبۆوەو ڕێگە گیرا لەوەی دنیای شارستانی و ئینسانی لە قوڵی و دڕندەیی ئەم کارەساتانە بگەن، ئەوا ئەمجارە نابێت ڕێگە بدرێت ئەم تاوانکاریەو ئەو کوشتارە شێنیەیی و لەسەرخۆیەی خەڵکی کوردستان درێژەی هەبێت.

ئەگەر دزی و تالانی دیاردەیەک و سیمایەکی بەرجەستەی ئەحزابی قەومی کوردە، ئەوا ئاکام و تەنها ئاکامێکی ئەم گەندەڵی تالانییە ئاشکرایەیە، ئەو بۆمبابارانەیە کەبەموادی ئێکسپایەر وچەکی سارد لەدژی خەڵکی کوردستان ئەکرێت.

پێوستە هەرچی زووە خەڵکی کوردستان لەدژی ئەم کوشتارە بێنەمەیدان و دەنگ هەڵبڕن...

# یان سۆسیالیزم یان بەربەریەت...

# کارو زەواجی منداڵان.. پاشماوەی بازرگانیکردن بە مرۆڤ لە چەرخی نوێ! لە میسر



سەرەرای پێشکەوتنی تەکنەلۆجی و زانیاری کە مرۆڤ پێیگەیشتوە لە ٢٠١٨، بازرگانیکردن بە مرۆڤ بەردەوامە. بەبۆنەی ڕۆژی جیهانی بۆ بنەبڕکردنی ئەو دیاردەیە، هەوڵ دەدەین لەم چەند دێرەدا دیارترین شێوەکانی بازرگانیکردن بە مرۆڤ بخەینە ڕوو.

دیاردەی کاری منداڵان یەکێکە لە کێشەکانی کۆمەڵگەی میسری، و زۆر هۆکار هەیە وەک (ئاستی نزمی ڕۆشنبیری خێزان، بەجۆرێک سەیری فێرکردن دەکەن کە پێویست نییە. ئەمەش وا لە خێزان دەکات منداڵەکانیان لەتەمەنی نایاسایی بخەنە سەر کار.). ئەم دیاردەیە لە میسر ڕوو لە هەڵکشاندایە، بەتایبەت ئەو منداڵانەی کە کاری تاقەت پڕوکێن دەکەن، بەگوێرەی دوایین ئامارەکانی ڕێکخراوی کاری نێودەوڵەتی لە ساڵی ٢٠١٠ ژمارەی منداڵانی کرێکار گەیشتۆتە ١,٨ ملیۆن.

هەفتەی پێشوو، یەکێتی کرێکاران و وەزارەتی هێزی کار هەستاون بە کەمپینێک بۆ سنووردانانێک بۆ دیارەدەی کاری منداڵان. سەرۆکی نەقابەی گشتی پیشەسازی مەعدەن و ئەندازیاری(خالد الفقی) جەختی لەوە کردەوە دیاردەی کاری منداڵان لە ئەنجامی دوورکەوتنەوەی منداڵان لە خوێندن بەهۆکاری ئابووری و هەلومەرجی کۆمەلایەتیەوە بڵاوبۆتەوە.

هەروەها" کاری بەزۆر" جۆرێکی دیکەیە لە بازرگانیکردن بەمرۆڤ. کەسەکان زۆریان لێدەکرێت کە کار بکەن، ئەوەش بەهۆی بەکارهێنانی شێوازی هێز و هەڕەشەی جەستەیی و ئیدانەی دەروونی و خراپ بەکارهێنانی یاسا و زۆر جۆرشێوازی دیکەی بەزۆر بۆ ناچارکردنی کەسەکان بەکارکردن.


" کۆیلەیی ماڵان" جۆرێکی نوێیە لە جۆرەکانی بازرگانیکردن بە مرۆڤ. زۆرێک لەو ژنانەی کە لەماڵان کاردەکەن، دەکەونە بەر ئەم جۆرە لە بازرگانیکردن بە مرۆڤ. ڕووبەڕووی شێوازی جۆراوجۆر لە جوێن و تەنگ پێهەڵچنین و ئیستیغلال دەبنەوە، یەکێک لەوانە توندوتیژی و لاقەکردن.

سالی ٢٠١٠، کۆمەڵەی میسری بۆ مافە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان، لێکۆڵینەوەیەکی بڵاوکردەوە لەژێر ناونیشانی" ژنانی کرێکاری ناوماڵان لە میسر". جەختی لەو تاوانانە دەکردەوە کە ڕوویانداوە بەهۆی ئیستیغلالکردنی ئەو ژنانە لەلایەن خاوەن ماڵەکان.

بەپێی ئەو لێکۆڵینەوەیە؛ ژنانی کرێکاری ناوماڵ ڕووبەڕووی مەترسی تەندروستی و بریندار بوون دەبنەوە لە کاتی کارکردنیاندا. لەوانە شکانی ئێسک، بەهۆی بەربوونەوەیان لە شوێنی بەرز لەکاتی کارکردندا. هەروەها توشبوون بە ئینزلاقی فەقەرات، بەهۆی هەلگرتنی شتی سەنگین بەبێئەوەی چاودێری بکرێن. هەروەها توشی برین و نەخۆشیەکانی کۆئەندامی هەناسە و حەساسیەی سینگ دەبن، بەهۆی بەکارهێنانی دەرمانی کیمیاوی بۆ پاکردنەوە لەسەر ئارەزووی خاوەن ماڵ.

هەمان فەرمان لەسەر زەواجی منداڵان جێبەجێدەکرێت. ئەمەش بە بڵاوترین دیاردە وشێوەکانی بازرگانیکردن بەمرۆڤ دادەندرێت لە میسر. ئیستیغلالکردنی ئەو توێژە بێهێزە بە شێوەیەک لە شێوەکانی بازرگانی دادەنرێت. بەپێی لێکۆڵینەوەیەکی تازەی وەزارەتی هاوپشتی کۆمەلایەتی بەهاوکاری ڕێکخراوی یۆنیسێف، تێیدا هاتووە کە میسر بۆتە وێستگەی" ترانزێت" بۆ بازرگانیکردن بە مرۆڤ، دوای ئەوەی ڕێژەی بەشوودانی منداڵان ڕووی لە بەرزبوونەوە کردوە. لێکۆڵینەوەکە ئاماژەی بەوەداوە کە ڕێژەی بەشوودانی منداڵان گەیشتۆتە ١٥%. ئەمەش وای کردوە کە کۆمەڵێک لە زانایان و پیاوانی ئایینی هێرش بکەنە سەر ئەم دیاردەیە، کە منداڵ بێبەری دەکات لە بەسەربردنی تەمەنی منداڵی و ناچاری دەکات بچێتە بەردەستی پیاوێک کە بەدەیان ساڵ لەخۆی بەتەمەنتربێت، ئەوەش بۆ ماوەی چەند مانگێک یان چەند هەفتەیەک و دوایش تەڵاقی بدات.

# مەنسوری حیکمەت لە وەڵام بە پرسیارێکدا سەبارەت بە دیموکراسی



**ئینتەرناسیۆنال: بنچینەی ڕەخنەی مارکسیستی لە دیموکراسیی لیبراڵی و پەرلەمانی وەکو و چوارچێوەیەک بۆ جێبەجێبوونی عەمەلیی ئازادیی سیاسی لە کۆمەڵگەدا چییە؟**

**مەنسوور حیکمەت:** دواتر کەمێک ئیسپاتیتر چەند قسەیەک سەبارەت بە دەستەواژەی ئازادی دەکەم. بەڵام دەربارەی دیموکراسیی لیبراڵی، یەکەم خاڵ کە دەبێ سەرنجی بدرێتێ ئەوەیە کە سەرەڕای ئەوەی لیبرالیزم و بیرکردنەوەی دیموکراسیی پەرلەمانی وەکو و هەموو شێوە ئایدیۆلۆژی و تیۆرییە کۆمەڵایەتییە بۆرژواییەکان هەوڵدەدات ڕیشەی چینایەتیی خۆی بشارێتەوە و وەکو کۆمەڵە پرانسیپ و ڕاستییەکی گشتی و "مرۆیی" دەرکەوێت، بەڵام ناوەڕۆکی چینایەتی و جێگاوڕێگای لە ڕێکخستنی دەسەڵاتداریتی بۆرژواییدا بە ئاسانی دەبینرێ. هەر وەکو وتم، لیبراڵیزم ئایدیۆلۆژییەکە لە خاوەندارێتی بۆرژوازییەوە وەرگیراوە و داکۆکی لە خاوەنداریتیی بۆرژواییش دەکات. لیبراڵیزم وەرگێڕراوی میکانیزمی بازاڕ و پێداویستییەکانێتی بە زمانی تیۆریی سیاسی و حقووقی. دیموکراسیی لیبراڵی بە پەرلەمان و هەڵبژاردن و شتەکانی دیکەیەوە، نیزام و سەرخانی سیاسیی کۆمەڵگایەکە کە تایبەتمەندییە بنچینەییەکانی لە ئاستێکی بنەڕەتیتردا لەسەر بنەمای پەیوەندیی بەشە جیاجیاکانی کۆمەڵگە بە دەسەڵاتی سیاسییەوە دیاریکراوە. ئایدیۆلۆژیی زاڵ ماهییەتی دەسەڵاتی سیاسی دەستنیشان ناکات، بەڵکو لەوەوە سەرچاوە دەگرێت و ئاراستەی دەکات. بەم پێیە دیموکراسی لیبراڵی ڕێک پێچەوانەی ئەو شتەیە کە بانگەشەی بۆ دەکرێت. دیموکراسیی لیبراڵی چوارچێوەیەک بۆ بەشداریکردنی جەماوەری خەڵک لە کاروباری دەوڵەت و دەسەڵاتی سیاسیدا نییە، بەڵکوو پاکانە و ڕووپۆشێکە بۆ پیادەکردنی دەسەڵاتی چینێک، کەمایەتییەک، بەسەر کۆمەڵگەدا. لەبەرامبەر دەستدرێژی و ملهوڕییەکانی خاوەن دەسەڵاتەکاندا، پارێزراوبوونی مافە سەرەتاییەکانی مرۆڤ، چ گشتی و چ فەردی، زامن ناکات، بەڵکوو چەند بڕیار و پێوانەیەکە بۆ شێوەی شەرعییەتپێدانی حاشاکردن، وە یان زەوتکردنی ئەم مافانە. دیموکراسی چەمکێکە پەیوەندە بەشەرعییەتپێدانی دەوڵەتەوە، نەک بەجێگیربوون، وە یان دیاریکردنی کەسایەتیی سیاسیی دەوڵەتەوە. دەوڵەتی دیموکراتیک دەوڵەتێکە، ڕەوابوون و قانوونیبوونی لە دەنگدانی خەڵکەوە وەردەگرێت، بەڵام خودی وجوودی دەوڵەت، دەسەڵاتەکەی، ئەو بەرژەوەندییانەی کە بەشوێنیانەوەیە و ئەو چینەی کە دەوڵەتی لەدەستدایە لە ڕێگەی دەنگدان و پەرلەمانەوە دیاری ناکرێن و لە ڕێگەی پەرلەمانەوە ناپارێزرێن. ئەمانە ئیتر لەدەرەوەی پرۆسەی دیموکراتیک و لەجەرگەی خەباتی چینایەتیی بەرینتر و بە هۆی جیاوازەوە ئەنجام دەدرێن.

دیموکراسیی لیبراڵی شێوازێکە بۆ ڕەواییبەخشین بە دەسەڵاتداریتی هەر ئێستا دامەزراوی بۆرژوازی و شاردنەوەی خەسڵەتە چینایەتییەکەی، بەڵام خودی ئەم دەسەڵاتدارێتییەیە، ئازادی پێشێل دەکات و لەگەڵیدا ناکۆک و ناتەبایە. دیموکراسیی لیبراڵی، وە یان هەر مەکتەبێکی سیاسیی دیکە، کە چوارچێوەی فیکری و ئیداری ئەم حاکمییەتە بێت، هەر بەم چەشنە بە ئازادی بێگانەیە. تەنانەت لە کامڵترین دیموکراسیی ڕۆژئاواییشدا، پەرلەمان، دەستووری وڵات، نەریتەکان، یاسا لیبراڵییەکان و شتی دیکە، پایەکانی دەسەڵاتی سیاسی و جێوڕێی ئەسڵیی بەماددیکردنیشی نین. لەبنەڕەتدا حاکمییەتی بۆرژوازی لەسەر زۆرنواندن، یان هەڕەشەی زۆرنواندن لەدژی خەڵک ڕاگیراوە. سەرکوت، تۆقاندن و فریودان تەوەری حوکوومەتی بۆرژواییە. هێزی چەکداری سەرکوتگەر، چ سوپا و پۆلیسی ئاشکرا و چ دەزگا نهێنییەکانی سەرکوت، دادگاکان و زیندانەکان و تەواوی سیستەمی دادوەری و سزادان، ئەمانە هەموویان کەناڵە ئەسڵییەکانی دەسەڵاتداریتی و زامنی پاراستنی ئەم دەسەڵاتەن. بڕیارە سیاسییە بنەڕەتییەکان لەناو کوڕ و کانوونە جۆراوجۆرەکانی چینی دەسەڵاتدار و لە ڕێگەی ئۆرگان و دەزگا نافەرمییەکانەوە دەدرێن و تەنانەت کاری نوێنەرایەتیی ئەنجوومەن خۆی لەخۆیدا بە مانای ئاگاداربوونی نوێنەرانی ناوبراو لە کارکردەکانی نییە، نەخوازەڵا بەشداریکردن تیایاندا. تەنانەت لە نیزامە دیموکراتیکەکانیشدا ئەنجوومەن لە زۆر باردا، ئامرازی بنچینەیی نییە بۆ ئەوەی ئەم سیاسەتە پەسەندکراوانە دەرخواردی خەڵک بدات. ئەمە لە بنەڕەتدا کاری ئاژانسەکان و دەزگاکانی ڕاگەیاندنی چینی دەسەڵاتدارە.

تا ئەو جێگایەی دەگەڕێتەوە سەرمافە سەرەتاییەکانی خەڵک، ئەوا درێژە و مانەوەیان پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە دڵگەورەیی و تەحەمولی ئابووری و سیاسیی بۆرژوازییەوە هەیە. هیچ دیموکراسییەک لە دنیادا نییە کە چەمکی "بار و دۆخی نائاسایی" و حوکوومەتی سەربازی و هەڵوەشاندنەوەی مافە مەدەنییەکان لە یاساکان و نەریتە حقووقییەکاندا تێهەڵکێش نەکرابێت. هیچ کەس نابێت بۆ ساتێکیش لەوە بەگومان بێت، کە تەنانەت لە کاتێکدا بۆ نموونە، لە هەڵبژاردنێکی ئاسایی لە وڵاتێکی وەکوو بەریتانیادا باڵی چەپی خودی حیزبی کار (کرێکار) بێتە سەرکار، ئەوا هەر لە هەمان ساتی تەواوبوونی هەڵبژاردنەکەوە ڕەوەندی دەخاڵەتی سوپا و پۆلیسی نهێنی بۆ سەرەوژێرکردنی بەتۆپزی و سەرووقانوونی دەوڵەتی ناوبراو دەستپێ دەکات. خاسییەتی ئەم پاشا و شاژنانە کە لە کۆشکەکانی دیموکراسیی ڕۆژئاواییدا بە خەرجێکی بێشومار وەکوو سرکە هەڵگیراون ئەوەیە کە لە ڕۆژی تەنگانەدا وەکوو نیشانە بەرزەکانی وڵات و نیشتمان و سوپا دژی "خراپ کەڵک لێوەرگرتنەکانی چەپ" لە دیموکراسی بێنە مەیدان. مەبەستم ئەمەیە کە بازاڕی گەرمی دیموکراسیی لیبراڵی تەنانەت وەکوو چوارچێوەیەکی حقووقیی شکڵی بۆ حاکمییەتی بۆرژوایی، یان زامنکەری مافە فەردی و مەدەنییەکان، بەدەورانە ئاسایی و بێ قەیرانەکانەوە تەنگەبەر دەبێتەوە. لە دەورانی قەیرانگرتوودا، لە دەورەیەکدا کە ململانێی چینایەتی توندوتیژ دەبێتەوە، تەنانەت سەرکەوتنی سۆسیالیستییانەی چینی کرێکار وەکوو هەڕەشەیەکی بیلقووە بۆ چینی دەسەڵاتدار دێتە ئاراوە، لە شەوێکدا ئەم بار و بنەیە دەپێچرێتەوە.

هەر چۆنێک بێت، نیزامی پەرلەمانی میکانیزمێکی ناڕاستەوخۆی بەشداریکردنی خەڵکە. نەک خەڵک، بەڵکوو بڕیارە کەسانێک بە نوێنەرایەتی ئەوان دەخاڵەت لە دەسەڵاتدارێتیدا بکەن. ئەم نوێنەرانە لە نیزامی پەرلەمانیدا "نوێنەری پابەند" نین، واتە، بەرپرسیار نین لەوەدا کە ویست و ئارەزووی ئەوانەی کە هەڵیان بژاردوون سەبارەت بە مەسەلە جۆراوجۆرەکان دەرببڕن، بەڵکوو لە پەرلەمانەکان و کوڕ و کۆمەڵەکانی یاسادانان و شتی دیکەدا بۆچوون و ڕای خۆیان ڕادەگەیەنن. بە واتایەکی تر، خەڵک نەک بۆ نوێنەرایەتی و قسەکردن لەجیاتی خۆیان، بەڵکوو وەکوو جێنشینی خۆیان لە مەسەلەی دەسەڵاتدارێتیدا هەڵیان دەبژێرن. بەم پێیە پرۆسەی هەڵبژاردن بە مانای پرۆسەی مەشروعییەتپەیداکردنی دەوڵەتە، نەک دەخاڵەتی خەڵک لە سیاسەتدا. وە ئەمە، وەکوو پێشتریش وتم، مەسەلەی بنەڕەتیی دیموکراسییە واتە، بەرقەراری حوکوومەتێک کە بەڕواڵەت لە خەڵکەوە هەڵقوڵاوە. هەڵبژاردن ئەمە بۆ چینی دەسەڵاتدار دەستەبەر دەکات. هەر چەند ساڵ جارێک لە لایەن خەڵکەوە ئەم مۆری تەئیدە وەردەگرن و دەچن بەسەرکاری خۆیانەوە. دەنگدەر هەر وەکوو پێشتر لە باسێکی تردا ڕوونم کردەوە، نەک وەکوو مرۆڤێکی دیاریکراو بە بۆچوونێکی دیاریکراوەوە، کە لە ماوەی نێوان دوو هەڵبژاردنیشدا هەروا زیندووە و قسەی هەیە، بەڵکوو وەکوو تاکێک کە دەژمێردرێت، لەم سەرژمێرییە ناوبەناودا ئامادە دەبێ. نە کەسێک لێی دەپرسێت و گوێی لێ دەگرێ، نە دەستی بە جێگایەک دەگات و نە تا چوار ساڵی دیکە، کە دووبارە دەنگی بێ بایەخی لە نۆبەیەکی تردا بخاتەوە سندوقەوە، سەبارەت بەو یاسایانە کارێکی لەدەست دێ، نوێنەرانی ناوبراو سەبارەت بە ژیانی ئەو پەسەندیان دەکەن. دیارە دەتوانێ لەم ماوەیەدا نارەزایەتی دەربڕێ، بەڵام بە مەرجێک کە شار نەشێوێنێ و نارەزایەتییەکەی نەبێتە هۆی ڕوودانی پشێوی لە کاروباری ئاسایی کۆمەڵگادا و زەحمەت و نارەحەتییەکی وا بۆ بۆرژوازیی سیاسەتمەدار و بۆرژوازیی کاسب دروست نەکات. ئەگەر وایش نەبێ، ئەوا وەکوو کرێکاری کانەکانی بەریتانیا، لەباربوونی خۆی بۆ بەهرەمەندبوون لە مافە مەدەنییەکانی لەدەست دەدات.

> **دیموکراسیی لیبراڵی شێوازێکە بۆ ڕەواییبەخشین بە دەسەڵاتدارێتی هەر ئێستا دامەزراوی بۆرژوازی و شاردنەوەی خەسڵەتە چینایەتییەکەی، بەڵام خودی ئەم دەسەڵاتدارێتییەیە، ئازادی پێشێل دەکات و لەگەڵیدا ناکۆک و ناتەبایە...**

## هێزی چینی کرێکار لە ڕێکخراوبوونیدایە!

# هۆکاری پەرەسەندنی توندوتیژی و تێروری ژنان



نووسینی: هەتاو عەبدولاهی

هەر مرۆڤێک ئازاد لە دایک بووە و خاوەن کەسایەتی ومافی یەکسانە، هیچ مرۆڤێک نابێ بکەوێتە خانەی توندوتیژی و کەسایەتی نابێ خەوشدار بکرێ. هەر چەشنە کردەوەیەکی توندوتیژ لەسەر بناغەی رەگەز یا جنسییەت کە ببێتە هۆکاری ئازاری جەستەیی و دەرونی و وەک توندوتیژی پێناسەی بۆ دەکرێ. خەبات و هەولدان بۆ نەهێشتنی هەلاواردن و ئەوەی کە مرۆڤەکان بە پێی رەگەز دەستەبەندی و ناموس و هۆکارەکانی پەرەسەندی کوشتنی ژنان لە هەرێمی کوردستانە. ئەگەر بمانەوێ باس لە کێشە کۆمەلایەتی و دیاردەکانی کۆمەلگە بکەین و بگەرێین بە دوای هۆکارەکانی بێگومان یەکەم هۆکار دەتوانین باس لە سیستمی گەندەڵ و دژە مرۆڤ بکەین. سیستم نەقش و رۆڵی سەرەکی لە پەرەسەندن و کەم کردنەوەی دیاردە کۆمەلایەتیەکان و توندوتیژی بە دژی ژنان دەگیرێ. بە داخەوە لە کوردستان بە هۆی بوونی سیستمێکی دژە مرۆڤ و گەندەڵ کە سیستمێکی سەرمایەداری و تا سەر ئێسقان تەیار بە چەکی ئیدئولوژی ژنان تێدا نیهادینە کراوە و ژن تەنیا وەک کەرەستەی سێکس و زاو وزێ پێناسە دەکات. بارودخی نالەباری ئابووری لە هەرێمی کوردستان کە ئەویش هۆکارەکەی دیسان ئەم دەسەلاتە گەندەل و دژە مرۆڤەیە کە سالەهایە سەروەت و سامانی خەلکی بە تالان بردووە بۆتە هۆکاری کیشەی دەرونی تاکەکان و ئەو پرسە خۆی لە توندوتیژی دا دەبینێتەوە چونکە رون و ئاشکرایە هەژاری ئابوری دەبێتە هۆکاری هەژاری کلتوری و ئاسەوارە نیگەتیڤەکانی لە توندوتیژی و دەیان دیاردەی کۆمەلایەتی خۆی دەبینێتەوە. دەسەلاتی لەو ولاتە دەکوژرێ بەرچەسپی ناموسی لێدەدەن و تاوانەکە پەردەپۆش دەکەن. لە کوردستان ئاماری جۆراوجۆر و زۆر جار ناراست لە پەیوەندی لەگەڵ توندوتیژی بە دژی ژنان بوونی هەیە، ئەم پارادۆکسە تەنیا ناگەرێتەوە بۆ داتاکانی رێکخراوە ناحکومی و خۆبەرێوەبەرەکان، بەڵکو پەیوەندیی راستەوخۆی بە ئاماری دوور لە راستی نیهادە دەولەتی و بەرپرسانی ئەو بەشانە هەیە. لە ماوەی مانگەکانی رابردوو بە دەیان ژن لەلایەن کەس و کاریانەوە کوژراون و نیزیک بە دەیان نمونە خوکوژی ژنان لە رێگای ئاگرو خۆهەلواسینەوە بوونی بووە بە دەیان نمونە توندوتیژی جنسی و بە هەزار نمونە سکالای یاسایی لەلایەن خودی ژنانەوە لەبواری توندوتیژی خێزانی بوونی بووە، هەلبەت ئەوانە ئامار گەلێکن کە لەلایەن بەناو ئاسایشی گەندەڵ و سیستمی دژە ژنی هەرێمەوە بلاوکراوەتەوە، چونکە ئامارەکان زۆر لەوە زیاترن و بە داخەوە پەردەپۆش دەکرێن.

**دەسەلاتی هەرێمی کوردستان ساڵەهایە بە پلان و بەرنامەی لە پێشدا دارێژراو کەرەسە و ئامرازی ڕاگەیاندنی لەبەر دەستی حیزبە ئیسلامی وتوندرەوەکان ناوە بۆئەوەی بەردەوام بیرۆکەی ئیسلامی و دژی ژن دەرخواردی خەڵک و کۆمەڵگە بدەن...**

نەکرێن و هەر بەو بیانووە نەکەونە بەر ئازار و هەرەشەو توندوتیژی پێویستی بە نەزم و نۆرمێکی تازە هەیە و بێگومان دەبێ هەموو توانایی خۆمانی بۆ بخەینە گەڕ. توندوتیژی بە دژی ژنان ساڵهای ساڵە وەک پڕئازارترین نەخۆشییەکانی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی خۆی دەرخستووە و ئەم خەسارە لە کۆمەڵگە دواکەوتوو و ئاینییەکان کە ئیسلام و یاسا ئیسلامییەکان رۆڵێکی بەرچاو و چارەنووسساز لە سیستمی ئیداریو حکوومەتییەکەیدا دەگێڕنو شوێندانەری نەرێنیان لەم پەیوەندیە دا هەیە، بە شێوەی بەردەوام بۆ سەر ژنان ڕەوا دەکرێو بەرێوەدەچێ. لەناو ئەم کۆمەڵگەیانەدا ئەم پرسە لە چوارچێوەی کۆمەڵگەو لە ژیانی تاکەکەسی ژناندا وا پنجی داکوتاوە کە وەک خەسارێکو دیاردەیەکی لێهاتووەو بۆتە پرسێکی ڕواڵەتی بۆ هەموو تاکەکانی ناو کۆمەڵگە. لەناو ئەم کۆمەڵگەیانەدا توندوتیژیو سووکایەتیکردنو بە کەمگرتنی ژنان هەر رۆژە سیمای دزێو و بێ بەزەیی خۆی زیاتر دەردەخات و بەداخەوە ماوەیەکی خۆی لە سڕینەوەی بە ئاشکرا و ئانقەستی ژنان دەرخستووە. ئەگەر بمانهەوی باس لە توندوتیژی بە دژی ژنان لە هەموو جیهان بە گشتی و کوردستان بە تایبەتی بکەین لەوانەیە لە دو تۆیی ئەو بابەتە دا نەگونجێ، بەلام ئەوەی مەبەستی ئێمەیە توندوتیژی و سڕینەوەی جەستەی ژنان لە ژێر ناو شەرەف چەقبوستو و دژە مرۆڤە، لەوانە ئایین و پیاوەمەزنی توندوتیژی بە دژی ژنان و کوشتنی ژنان رۆژ بە رۆژ روو لە زیاد بوونەو ئەودیاردە قیزەون و مەترسیدارە وەک پرسێکی رواڵەتی لێ هاتووە. رۆژانە لە هەرێمی کوردستان ژنان دەکەونە بەر درندانەترین توندوتیژیەکان هەر لە توندوتیژی دەرونییەوە بگرە تا توندوتیژی کڵیشەیی و جەستەیی و دەستدرێژی و خەتەنە کە هەنووکە توندوتیژی جەستەیی و سڕینەوەی جەستەی ژنان سیما و روخسارێکی مەترسیداری بەخۆیەوە گرتووە و ئێمە رۆژانە شایەتی ئەوەین ژنان لە هەرێمی کوردستان بە بیانووی جۆراوجۆر مافی ژیانیان لێ زەوت دەکرێ و گیانیان لە دەست دەدەن. دەسەلاتی سیاسی هەرێمی کوردستان و حیزبە دەسەلاتدارەکان هۆکاری سەرەکی توندوتیژی و دیاردە کۆمەلایەتیەکان لەو ولاتەن. کاتێک دەسەلات هیچ پلان و بەرنامەیەکی پەروەردەیی بۆ ئێستا و داهاتووی کۆمەلگە پێنەبێ و خۆی هۆکاری سەرکوت و توندوتیژی بێ، بێگومان نابێ چاوەروان بین بارودۆخ لەوە باشتر بێ. دەسەلاتی هەرێمی کوردستان سالەهایە بە پلان و بەرنامەی لە پیش دا دارێژراو کەرەسە و ئەمرازی راگەیاندنی لەبەر دەستی حیزبە ئیسلامی وتوندرەوەکان ناوە بۆئەوەی بەردەوام بیرۆکەی ئیسلامی و دژی ژن دەرخواردی خەڵک بدەن. بیرۆکەیەک کە توندوتیژی دژی سیاسی و گەندەلی هەرێمی کوردستان ساڵەهایە بە دانای ئەخلاقیاتی ئیسلامی دواکەوتوو و بەرهەمهێنانی ئەو بیرۆکە لە ناو کۆمەلگە و بنەماڵەکان بە ئامانجەوە پێگەی پیاو وەک بالا دەست نیشان دەدا و هەوڵ بۆ ژێردەستەیی پێگەی ژن لە کۆمەلگە دەدات. چونکە بەو بیرۆکە و بەو پلانە ژنان لە بازاری کار و بەرهەمهێنان دوور دەخاتەوە و دەیانخاتە کونجی مالەوە تا وەکوو کرێکاری بێ موچە ئەرکی مال و منداڵداری وەئەستۆ بگرن. پەرەدان بە دیاردە کۆمەلایەتیەکان و زۆربوونی توندوتیژی بە دژی ژنان و دووبەرەکی نانەوە لە نێوان تاکەکان ئامانجی سیستمی هەرێمی کوردستانە، چونکە ئەوان لە کیشەی سەرەکی کە مافی شارۆمەدنی و مافی ژیانێکی عادلانە و ئینسانییە دوور دەخاتەوە و ساڵەهایە سیستمە سەرمایەدارەکان ئەو پیلانە قیزەونە بەرێوەدەبەن. رێکخراوەکان وپۆلیس و دەستگای بە ناو ئاسایش کە خۆی هۆکاری سەرکەوت و کوشتن و بڕینی ژنان لەو ولاتەیە هیچ کاریگەریەکیان بۆ کەم کردنەوەی ئەو دیاردە نەک نییە، بەلکو خۆیان خولقێنەری ئەو بارودۆخەن، چونکە مۆرەی دەسەلاتی حاکمن و ئەرکدارکراون لە راستای سیاسەتی دەسەلاتداران بجولێنەوە و رۆژانە دەبینین لە هەرێمی کوردستان خودی ئاسایش و دەستگای پۆلیس بە وەرگرتنی بەرتیل و پارە کایە بە گیانی مرۆڤەکان دەکات و ژنان رادەستی قەتلگاکانیان دەکەن یان ئەگەر ژنێک دیاردەی توندوتیژی و بێمافی ژنان لە هەرێمی کوردستان جێگای نیگەرانی و تێڕامانە. بە سەرنجدان بە سیستمی حکومەتی هەرێمی کوردستان کە سیستمێکی عەشرەتی و نادیموکراتییە و پیاوەمەزنی و ئایین رۆڵی نەرێنی لەو پەیوەندیەدا دەگێڕێ، هەروەها بارودۆخی پیاوەمەزنی و سونەتی دواکەوتووی هەرێم کە خۆی خزاندۆتە ناو ژیانی بنەماڵەکانەوە و بە ئامانجەوە ساڵەهایە لەلایەن هەر ئەو سیستمەوە پەیڕەو دەکرێ دەبێ چاوەروانی ئەوە بین ئەو دیاردە روو لە زیاد بوون بکات، نەک کەم بوونەوە. بۆیە دەبێ ژنانی هەرێمی کوردستان و هەموو تاکە ئازادیخواز و یەکسانیخوازەکان لەو راستیە تێبگەن تا کاتێک ئەو سیستمە گەندەل و دژە مرۆڤە لەسەر کار بێ بێگومان دیاردەی توندوتیژی و کوشتنی ژنان نەک بنبڕ ناکرێ، بەڵکو رۆژ بە رۆژ پەرە دەستێنێ، چونکە سیستم قازانج لەو جۆرە توندوتیژیانە دەبینێ. ژنان کاتێک دەتوانن لە هەرێمی کوردستان بە ماف و ئازادی راستەقینە بگەن کە سیستمێکی سوسیالیستی و مرۆڤ پەروەر بە هەموو پێوەرە ئینسانییەکان دابمەزرێ. سیستمێک کە مرۆڤ بگەرێتەوە بۆ کەرامەتی راستەقینەی خۆی و هیچ مرۆڤێک تێدا وەک رەگەزی بالا دەست و ژێر دەست پێناسە نەکرێ و پەروەردەی مرۆڤ پەوەرانە تێیدا بەرێوە بچێ...

**ستەمکێشیی و ژێردەستەیی ژنان زادەی نیزامی سەرمایەداری نییە. بەڵام سەرمایەداری ئەم میراتە چەپەڵەی مێژووی لەوەو پێشی خەملاندووە و کردوویەتییە یەکێک لە کۆڵەکەکانی پەیوەندییە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانی ئەم سەردەمە...**



# پشتیوانی لەئابلّوقەی ئابوری مەکەن، خۆتان قوربانی ئابلّوقەی ئابوری بوون...

## نووسینی: ڕۆژ عەزیز

چەند رۆژێکە ئابلّوقەی ئابوری خراوەتە سەر تورکیا بەهۆی ململانێی سیاسی حکومەتی ئەمریکاو تورکیا وە لەلایەکی دیکەشەوە ئەمریکا ئابلّوقەی ئابوری سەر ئێرانی توندتر کردۆتەوە، بەمەش ئابوری هەردوو ولّات و دراوی تورکی و ئێرانی لەبەرامبەر دۆلاردا دابەزی، گرانی وبێکاری هەردوو ولّاتی گرتۆتەوە. لێرەو لەوێ ناسیونالیستەکانی شایی و لۆغانیانە کە گوایە ئابلّوقەی ئابوری حکومەتی تورکیاو ئێران دەروخێنێت، هەر هەمان عەقلّیەتێکە کە خۆشباوەڕی بە سیاسەتی ئەمریکا هەبوو وە هەیە کە لەدوای ڕاپەرینی خەلّکی کوردستانی عێراق دژی حکومەتی بەعس کە لەلایەن ئەمریکاوە ئابلّوقەی ئابوری خرایە سەر عێراق لەخۆشیدا کەوتنە هەلەکە سەماو دەست خۆشیان لە حکومەتی ئەوسای ئەمریکا کرد کە ئابلّوقەی ئابوری خراوەتە سەر ڕژێمی بەعس.

ئەوکاتە کۆمۆنیستەکان چەپ و خەلّکی ئازادیخواز هاواریان کرد نا بۆ ئابلّوقەی ئابوری سەر عێراق و لەدژی وەستانەوە، بەلّام ناسیونالیستەکانی کورد حیزبەکانیان ئەوانەی دژی ئابلّوقەی ئابوری بوون بەتابوری پێنجەم و بەعسیان لەقەلّەم دا، بەلّام دوای چەند سالّ زانیان کە ئابلّوقەی ئابوری نەک حکومەتی سەدام حسین ناروخێنێت بەلّکو خەلّک بێ ئیرادە دەکات و خەلّک برسی هەژارترو بێکارتری دەکات. ئێستاش هەمان ناسیونالستی کوردو هەمان ئەحزابی ناسیونالیستی تەوەهومی هەیە بە سیاسەتی ئەمریکاو وا هەست دەکات ئابلّوقەی ئابوری حکومەتی ئێران و تورکیا دەروخێنێت. کێشەی ئێستای ئیران وئەمریکا زەقتر بوونەتەوە لەکاتێکدا کێشەی ئەمریکاو ئیران لە دوای شۆرشی ئێرانەوە لە سالّی ١٩٧٩ سەری هەلّداوە، بەلام ئەم جارە بیانوی ئەمریکا ئەوەیە کە ئێران نابێت بەرنامە ئەتۆمیەکەی درێژە پێبدات، چونکە هەم مەترسیە بۆ سەر ناوچەکەو هەم بۆ سەر ئیسرائیل. ئەمریکا دەیەوێت بەم فشارانە پاشەکشە بە سیاسەتی ئێران بکات لەناوچەکەدا، کە ئێران دەخالەت لە سوریاو عیراق یەمەن و لوبناندا دەکات و دەورو نەخشی هەیە لەناوچەکەدا، هەربۆیە بیانوی ئەوەیە کە دەبیت ئێران بەرنامە ئەتۆمیەکەی ڕابگرێت ئەویش قبولّی ناکات، بۆیە ئەمریکا زیاتر فشاری ئابلوقەی ئابوری خستۆتە سەر ئێران .

کێشەکانی دەولّەتی تورکیاو ئەمریکا لەسەر گرتنی قەشەیەکی ئەمریکیە بە ناوی"ئەندرۆ برۆنسۆن"کە لەلایەن تورکیا گیراوە بەتۆمەتی کودەتاکەی ١٥ی تەموزی سالّی ٢٠١٦ لەتورکیا، ئەم قەشەیە لەلایەن تورکیاوە دادگای کراوەو تۆمەتی ئەوەی بەسەردا سەپێندراوەکە دەستی لەکودەتاکەدا هەبووە، بەلّام ئەمریکا ئەمە ڕەد دەکاتەوە، لەهەفتەی رابردووشدا ئەمریکا بەرەسمی داوای لەتورکیا کرد قەشەکە ئازاد بکات تورکیا ئامادە نەبوو ئازادی بکات، بۆیە ئەمریکا هەرچی پارەی وەزیری ناوخۆو وەزیری دادی تورکیا هەیە بلۆک کران و دەستی بەسەردا گیراو وە ڕێگەش نادرێت ئەو دوو وەزیرە بچنە ئەمریکا. دەولّەتی تورکیاش پارەی چەند وەزیرێکی ئەمریکای بلۆک کردو ڕێگەش نادات چەند وەزیرێکی ئەمریکا وەک ناوخۆو دادی ئەمریکا سەردانی تورکیا بکەن. ئەمریکاش باجی زیاتر خستە سەر مادەی پۆلّاو ئەلەمنیۆم بەمەش تورکیا ئابوری خراپ بوو پارەکەی لەبەرامبەر دۆلاردا نزمترین ئاستی بەخۆیەوە بینی.

ئەردۆغان و حکومەتەکەی هەمیشە لەهەولّی ئەوەدان ئابوری تورکیا چاک بکەن و ئابلّوقەی ئابوری کە هیشتا هیچ نییە بەشێکی کەمە کە ئەمریکا خستویەتیە سەر تورکیاو ئەم ولّاتەی تووشی قەیرانی گەورە بووە، بۆیە هەمیشە ڕەجەب تەیب ئەردۆغان بەشوێن ڕێگایەکەوەیە کە لەم قەیرانە دەربازی بێت. پەنای بۆ چەندین ولّات بردووە کە خۆیان بەدەست قەیرانی ئابوریەوە دەنالّێنن ناتوانن کاریگەریان لەسەر باشتربوونی ئەو بارودۆخە بێت کە تووشی هاتوون. ئەردۆغان پەنای بۆ روسیاو چەندین ولّاتی دیکە بردوە، وە سبەینێش واتە ١٤/٨/٢٠١٨ وابریارە سەرۆک وەزیرانی عیراق عبادی سەردانی تورکیا بکات تا نەوتەکەی بفرۆشێتە تورکیاو ئابوری پێ ببوژێنیتەوە هەرچەندە پێ ناچێت تورکیا لەم قەیرانە دەربازی بێت و سەردانەکەی عەبادیش کاریگەری هەبێت لەسەر بارودۆخەکە. دیارە ئەمریکاش بەسەردانەکەی عەبادی بۆ تورکیا نارازیە، ڕەنگە دواجار ئەمریکا ئاگاداری عەبادی بکاتەوە، کە لەکاتێکدا ئەمریکا تورکیای ئاگادارکردۆتەوە کە تا رۆژی ١٥/٨/٢٠١٨ دەبێت قەشەکە ئازاد بکات ئەگینا ئەمریکا ئابلّوقەی ئابوری زیاتر دەخاتە سەر تورکیا. ئێستا ململانێی تورکیاو ئەمریکا لەلایەک و ئێران و ئەمریکاش لەلایەکی تر خەلّکی ئەم ولّاتەی دووچاری گرانی و بێکاری هەژاری کردۆتەوە کەچی بەداخەوە ناسیونالیستەکانی کورد ئەم ئابلّوقە ئابوریەیان پێخۆشەو دەست خۆشی لەئەمریکا دەکەن.

نازانم ئەوانەی دیفاع لە ئابلّوقەی ئابوری سەر ئێران و تورکیا دەکەن بیریان چوو هەربەهەمان ئابلّوقەی ئابوری بۆسەر عێراق چ هەژاری نەبوونی و داماویەکیان بینی و چیان بەسەرهات کە لەمێژوودا شتی وایان نەبینی، بیریان چوو لەجیاتی ئارد گەچیان تێکەلّی ئاردەکانیان دەکراو پێیان دەفرۆشین، بیریان چوو منالّەکانیان نانی ژەمێکیان نەبوو، بیریان چوو بێکاری هەژاری بڕبڕەی پشتی خەلّکی هەژاری شکاندو حکومەتی بەعس و سەدام حسین باکیان نەبوو کە ئابلّوقەی ئابوریان لەسەرە، ئێستاش وایە، حکومەتی تورکیاو ئێران و خودی ئەردۆغان و رۆحانی هیچ باکیان نییە بە ئابلّوقەی ئابوری کە لەلایەن ئەمریکاوە خراوەتە سەریان، چونکە گیرفانیان پڕە وا دەزانن خەلّکی هەژاریش وا گیرفانی پڕە.

ئەوانەی دلّیان خۆشە بەئابلّوقەی ئابوری سەر تورکیاو ئێران با سەیرێکی بازارەکانی کوردستان و عێراق بکات بزانێت لەوێش گرانی سەری هەلّنەداوە؟ با بزان ئەو کالّایانەی دێنە کوردستان هی تورکیاو ئێران نین؟ ئەی ئەگەر ئابلّوقەی ئابوری بخرێتە سەر تورکیاو ئێران ئەو دوو ولّاتەشت شت گران ناکەن کێ زەرەرمەندی گەورەیە؟ خەلّکی زەحمەتکێشی عێراق و ئێران و تورکیا و ناوچەکە باجی گەورەی ئەم ئابلّوقەیە نادەن؟. وەرن سەیری ژیان و گوزەرانی خەلّکی ئێران و تورکیا بکەن بزانن خەریک نییە وەکو خەلّکی کوردستانیان بەسەر بێت کە چۆن لە دوای سالّی ١٩٩١بەسەریان هات کە ئەمریکا ئابلّوقەی ئابوری خستە سەر خەلّکی عێراق. ئەوانەی دەلّین ئابلّوقەی ئابۆوری کارمان تێناکات، ئەوانە خۆیان گیرفانیان پڕەو سەر بەدەسەلّاتن. سەرمایەی باشیان هەیەو هەردوو حکومەتی ئێران و تورکیا وەک بەرپەرچدانەوەیەک لەبەرامبەر سیاسەتی ئەمریکاو خودی دۆنالّد ترامپدا قسەی گەورە دەکەن و دەلّێن ئێمە خواو خەلّکمان لەپشتە نازانن خەلّک باجی ململانێی ئەو دوو دەولّەتە دەدەن.

دۆنالّد ترامپ سەرۆک کۆماری ئەمریکا وەک کابرایەکی شەنگێزو و کابرایەکی راسیست دەردەکەوێت، لەوەتەی ئەو لەسەر حوکمە ڕێگە نادات پەنابەران بچنە ولّاتەکەی و مەنعی خستۆتە سەر پێنج ولّات کە بۆیان نییە بچنە ئەمریکاوە. هەموو ئەمانەو چەندین کاری ترامپ و دواجاریش ململانێکانی لەگەلّ ئێران و تورکیا بەخستنە ئابلّوقەی ئابوری لەسەر هەردوو ولّات دەستی پێکردو جەنگی ئابلّوقەی ئابوری دەکات تا نەیارانی ملکەچی بڕیارەکانی بن.

بڕیاری ئابلّوقەی ئابوری خستنە سەر تورکیاو ئێران بڕیارێکی نا ئینسانیەو دژی خەلّکی زەحمەتکێشی هەردوو ولّاتەو فەقرو فەلاکەت بەرۆکی خەلّکی ئەو دوو ولّاتە زیاتر دەگرێت. سەرۆکی ئەمریکا دەیەوێت بەم جۆرە عقوبەی نەیارەکانی بدات و ملکەچی بریارەکانی ئەو بن و وە شەڕی ئەمرۆشی بەنیازە بەهەرەشەی ئابلّوقەدان بکات. سەیر بکەن لەسایەی ململانێی ئەمریکاو ئێران وا زیاتر لە ٣٠سالّە خەلّکی ئێران باجی ململانێ دەدەن وخەلّکی زەحمەتکێش وهەژاری ئەو ولّاتە لەوپەری خراپیدان، ئێستاش بەنیازە لەم ململانێیەدا لەگەلّ تورکیا بەئابلوقەی ئابوری سەرکەوتن بەدەست بهێنێت.

ئەوانەی شایی ولۆغانیانە بۆ هەڕەشەکانی ئەمریکا بۆ سەر تورکیاو ئێران دەبێت دلّنیابن نە شۆرش بە ئابلّوقەی ئابوری دەکرێت، نە دەسەلّاتیش بە خستنە سەر ئابلّوقەدانی ئابوری دەروخێت، لەهیچ کوێی دنیاشدا نەبووە بە ئابلّوقەی ئابوری هیچ ڕژێمێک روخابێت، بەلّکو خەلّک بەدبەخت و داماوبوون. لێرەدا دەکرێت لەبەرامبەر رژێمەکاندا نارەزایەتی دەربڕن و لەدژی ئابلّوقەی ئابوری بوەستینەوە ئیدانەی هەنگاوەکانی ئەمریکا بکەین لەدژی ئابلّوقەی ئابوری بۆ سەر تورکیاو ئێران، چونکە باجی گەورەی ئەم بڕیارەی ئەمریکا لەدژی هەردوو ولّات خەلّکی کرێکارو زەحمەتکێش دەیدەن و بێکاری و هەژاری زیاتر بەرۆکی خەلّک دەگرێت.

پشتیوانیکردن لەسیاسەتی ئەمریکاو لە ئابلّوقە ئابوریەکەی پشتیوانییە لەجەنگخوازی ئەمریکاو سیاسەتی دژە ئینسانیەکەی کە بەردەوام لە رۆژهەلّاتی ناوەراستدا بوونی هەیەو ناوچەکەی ڕووبەڕووی جەنگێکی خوێناویی بێکاری وهەژاری زیاتر کردووە. ئەرکی خەلّکی ئازادیخوازە چ لەتورکیاو چ لە ئێران بۆ ماف وخواستەکانیان نارەزایەتی دەبڕن لەبەرامبەر دەسەلّاتدارێتی تورکیاو ئێران، چیتر کۆمەلّگە بەم جۆرە نەبەن کە ئێستا ئابوری ئەم ولّاتە لەوپەڕی خراپیدایە و خەلّکی لەدەست گرانی وهەژاری زیاتر وەزعیەتی خراپتر بووە. دەبێت نەک پشتیوانی لەسیاسەتی ئەمریکا نەکەین، بەلّکو ئیدانەی سیاسەتی لەم جۆرەی بکەین کە خەلّک تێیدا زەرەرمەندی گەورەیە و باجی گەورە خەلّکی دەیدات و سیاسەتی ئابلّوقەی ئابوریەکەی ئەوپەڕی دژی خەلّکی کرێکارو زەحمەتکێشە...

# بۆ ڕزگاری لە چەوسانەوە ئەبێت سیستەمەکان بگۆڕدرێن !

## نووسینی: عبدالرحمن رسول



پێویستە مرۆڤەکان وشیاربن بۆ تێکۆشان بۆ بەدەستهێنانی ماف وئازادییەکانیان، لە کۆمەڵگەیەکدا کە سەروەت وسامان و داهاتی زۆری سەرزەوی و ژێرزەوی وەک نەوت و غاز و ..هیتد، هەبێت، بەڵام جۆرە سیستەم و حکومەتێک کۆمەڵگە بەڕێوەبەرێت یاساکانی کۆنەپەرستانە و دواکەوتووانە و دژە بە مرۆڤایەتی بێت، بەرپرسەکانی گەندەڵ و دزبن، پاش چەندین ساڵ لە دەسەڵاتداریێتیان و ئەنجامدانی هەڵبژاردنی فریوکارانەیان و بەردەوم بن لە بەڵێنە درۆ و چەواشەکارییەکانیان و خۆیان بە عەقڵتر و ژیرتر لە تەواوی مرۆڤەکانی کۆمەڵگە بزانن، خۆیان بە تاکە فریادەڕەسی ڕزگاری مرۆڤەکان بزانن، زۆر بێ منەتانەش سەرجەم دزی و گەندەڵییەکان و کەم تەرخەمییەکانی بەرپرسەکانی حکومەت ڕەت بکەنەوە و داپۆشن.

لوشدانی پارەی زۆری نەوت و غاز و دانانی پارەی زۆر لە بانکەکانی وڵاتان ڕەدبکەنەوە، هیچ مرۆڤێکی کرێکار و زەحمەتکێشی کۆمەڵگە نەزانێت پارە و سامانی بەرپرسانی حکومەت و حیزبەکان پێش ئەوەی پۆستی سەرۆک وەزیران و جێگر و وەزیر و ئەندام پەرلەمانی و سەرۆک کۆمار و سەرۆکی هەرێم وەربگرن و پاش تەواو بوونی بەرپرسیارێتیان یان گۆڕانیان بەسەردا هات، ئەگەرچی هیچیان بەئارەزوی خۆیان پۆستەکانیان بەجێ ناهێڵن بۆ کەسانی تر، بەڵام خەڵکی کۆمەڵگە نەزانێت سامان و پارەکانی چەندە و چۆن زیادی کردووە و سەرچاوەی زیادکردنی پارە و سامان و شوقەو ئوتێل و ئەپارتمان و کۆمپانیاکانیان چۆن زیادیان کرد و وە لە پڕ هەڵتۆقین بۆنەتە گەورەترین سەرمایەداری جیهان و ناوچەکە و ناویان لە لیستی سەرمایەدارەکانی جیهان لە بەشی سەرەوەی لیستی سەرمایەدارەکان لەماڵپەڕ و ڕۆژنامەکاندا بڵاوبکرێتەوە.

هەر خەڵکی هەمان کۆمەڵگەش زۆرینەیان نەک هەژاربن، بەڵکو لەخوار هێڵی هەژاری‌دا ژیان بە کولە مەرگی و نەبوونی و هەزارەها کێشە و قەیرانی جۆراوجۆری وەک بێ ئاوی و بێ کارەبایی و بێ موچەی تەواو و شایستە بەکارکردنیان وبێ بیمەی کارکردن و بێ بیمەی کۆمەڵایەتی و بێخانە و لانەیی و بێکاری و بێ خزمەتگوزاری تەندروستی و پەروەردەی و بێ خزمەتگوزری هاتوچۆ و بەردەوام لە ئاوارەیی و دەربەدەری و مردن و خنکانی ئازیزانیان لەناو دەریا و زەریاکانی ڕێگای هەندەران بەهۆی کۆچکردنی ناچارییەوە بەسەر بەرن.

بەدڵنیایەوە ئەو جۆرە سیستەمە نابەرابەر و سەرکوت و ئیستبداد و چەوسێنەرە پێویستی بە گۆڕانە، ئەمەش بە گەشەی وشیاری و ئامادەیی خەڵکی چەوساوە و کۆیلە و ماف خوراو دەکرێت، لە کاتێکدا وشیاربن بۆ خۆ ڕێکخراوکردن و تێکۆشانی هاوبەشی یەکگرتوانە بۆ گۆڕانکاری لە جۆری سیستەم و حکومەتدا.

سەرجەم دامەزراوەکانی دەوڵەت و حکومەت و کۆمەڵگە پێویستی بۆ گۆڕانکاری کرداری ڕیشەیی هەیە بە جۆرێک تەواوی خەڵتە و بۆگەناوی ئەم جۆرە سیستەمە لە بناغەوە دەربهێندرێت بۆ ئەوەی خەڵکی چەوساوە و ماف خوراو زنجیرکراو بەدەستی خۆیی و بە ئارەزوویی خۆیی سیستەم و کۆمەڵگەیەکی ئازاد و بێ چەوسانەوە و شایستە بە خۆیان بنیاد بنێن.

ئەگەر ڕاستگۆیانە وبێ لایانە توێژینەوەیەک و بە دوا داچوونێک بۆ کۆمەڵگەی عێراق و کوردستان بکەین بۆمان دەردەکەوێت کە عێراق لە ڕووی ئیداری و دەوڵەتدارییەوە داگیرکراوە بەجۆرێکی ناڕاستەوخۆ لەلایەن سیستەمی کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە هەر بۆیەش دەوڵەتی عێراق بەلایەوە زۆر قورس و سەختە کە پابەندبێت بەو بڕیارانەی کە لەلایەن دەوڵەتی ئەمریکا و دەوڵەتانی ترەوە دەدرێت بۆ فشار خستنە سەر ڕژێمی ئیسلامیی ئێران، لەبەرئەوەی بۆ ماوەی چەندین ساڵە هەروەک سیستەمیی ئیسلامی ئێران لە عێراق دەسەڵاتداربێت وابووە، کاریگەری زۆری هەبووە بەسەر سەرجەم دامەزراوەکانی پەرلەمان و دەوڵەتەوە، تەنانەت لەو ناو پەرلەمان چەندین یاسا بەدڵی بەرپرسانی ئیسلامی ئێران دەرکراوە.

باشوری کوردستانیش بە جۆرێک لە جۆرەکان داگیرکراوە، بەڵام لەلایەن دوو دەوڵەتەوە ئەویش سلێمانی و هەڵەبجە و ئەوناوچانەی کەوتونەتە ژێر دەسەڵاتی سەوزو نیلی (یەکێتی نیشتمانی کوردستان و بزوتنەوەی گۆڕان) ئەوا کۆماری ئیسلامیی ئێران کاریگەری زۆری لەسەر ئیدارەدان وبەڕێوەبرندا هەیە. شارەکانی هەولێر و دهۆک و ئەوناوچانەی کە زەرد (پارتی دیموکراتی کوردستان/عێراق) ئیدارەی دەدات دەوڵەتی ئیسلامی تورکیا کاریگەری زۆری هەیە لەسەر جۆری ئیدارەدان و دەسەڵاتدارێتیدا. ئەم داگیرکارییەش وای کردووە کە نەتواندرێت ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی بەگشتی و حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەتایبەتی بە ئاسوودەیی لە باشووری کوردستاندا نیشتەجێ بن و ساڵانە و مانگانە بە ئاسانی کاری تیرۆریستی لەدژی هەڵسوڕاوانی ئازادیخوازی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئێران لەباشووری کوردستان ئەنجامدەدرێت، بکوژو تیرۆرستەکانیشیان بەهیچ شێوەیەک دادگایی ناکرێن و سزا نادرێن، بەسازکردنی چەند چیرۆکێکی سیناریۆیی دۆسییەکانیان دزە بەدەرخۆنە دەکرێن.

ماوەی چەندین ڕۆژ خۆپیشاندان و ناڕەزایەتی لە بەشێکی زۆر لە شارەکانی عێراق درێژەی هەبوو، ئێستا لە چەند شوێن و شارێک بەردەوام لەلایەن خودی خەڵکی ناڕازییەوە کار لەسەر هاتنە مەیدانی خەڵک دەکەن بۆئەوەی بەیەکگرتوویی و پشتیوانی زیاتر و بەهێزترە و بچنەوە سەرشەقامەکان داواکاری و خواستەکانی خۆیان بەڕووی دەسەڵاتداران بڵێنەوە و ناچار بە ملکەچ کردنیان بکەن بۆ جێبەجێکردنی خواست و داواکارییە ڕەواکانیان .

ئەم ساڵ لە سەرەتایی مانگی ٨ی ٢٠١٨ سەرەتا لە خەڵکی ناڕازی لە شارەی بەسرە دەستی بە خۆپیشاندان و ناڕەزایەتی دەربڕین کرد لەلایەن خەڵکی بێکاری ئەو شارەوە. لەیەکەم ڕۆژی خۆپیشاندان و ناڕەزایەتییەکانی خەڵکی شارەکانی عێراق هەتا ئێستا بەدەها کەس بوونە قوربانی و چەند سەد کەسێکیش بریندارە، بە چەندەها کەسیش دەستگیر کراوە و زیندانی کراوە.

شاریکی وەک بەسرە ڕۆژانە ٤ ملیۆن بەرمیل نەوت دەنێرێتە دەرەوە، بەڵام لەسەدای پەنجای دانیشتوانەکەی لەژێر هێڵی هەژاریدان پاش چەندین ساڵ هەژاری و بێکاری و بێ خانەولانەیی بەرەو گەشەی زیاتر دەچێت. بارودۆخی خراپی ژیان و گوزەرانی خەڵک تەنها شاری بەسرەی نەگرتۆتەوە، بەڵکو سەرجەم شار و شارۆچکەکانی عێراق و باکووری عێراق (باشووری کوردستانی) گرتۆتەوە. هەربۆیەش ناڕەزایەتی خەڵک لەسەرجەم شار و شارۆچکەکاندا زۆر بەباشی هەستی پێدەکرێ و خەڵکی وشیار لە جوڵە و خۆڕێکخستندایە بۆ ئەوەی خۆپیشاندان و ناڕەزایەتییەکان درێژەی هەبێت. بۆ ڕاستی ئەم تێڕوانین و بۆچوونەش ئەوەتا پاش هەفتەیەک لە ناڕەزایەتی و خۆپیشاندانەکانی خەڵکی شاری بەسرە، خۆپیشاندانەکان لە شارەکانی ناسریە و نەجەف و بابل وبەغداد و کەربەلا و میسان و دیوانیە و موسەننا وزیقار و ...هیتد خۆپیشاندان ئەنجامدرا.

لەچەند شارێک بارەگای حیزبەکان لەلایەن خەڵکی ناڕازی و خۆپیشاندەرەوە سوتێندران، لە کەربەلا خۆپیشاندەران چوونە ناوبینای پارێزگارەوە. لەشاری میسان بینای قائیمقامی وماڵەکەی سووتێندراوە. خواست و داواکارییەکانی خۆپیشاندەران بەشێوەیەکی گشتی ئەمانە بوون: نەبوونی ئەمنێت و ئاسایش - دابینکردنی ئاو و کارەبا - دابینکردنی هەلی کار-نەهێشتنی دزی و گەندەڵی- نەهێشتنی کرێکاری بیانی- چارەسەرکردنی کێشەی نیشتەجێبوون و وەرگرتنی پارەی پترۆ دۆلار لەو شارانەی کە نەوتی لێ بەرهەم دەهێندرێت -کۆتاییهێنان بە تەدەخولکردنی حیزبەکان لە کاروباری دەوڵەتیدا - دامەزراندنی خەڵکی تەکنۆکرات وشارەزا.

سەرمایەدارەکانی خاوەن کۆمپانیاکانی ئەنتەرنیت بە بیانوی چاککردنەوە ئەنتەرنێتیان ڕاگرت هەروەها لە چەند ناوچەیەک قەدەغەی هاتووچۆ ڕاگەیاندرا. هێز بەرامبەر خۆپیشاندان بەکارهێندرا، حکومەتی عێراقی چەند بەڵێنێکی دا ) دابینکردنی ١٥٠٠٠هەزار وەزیفی ٣,ملیار دۆلار بۆچاکسازییە هەنوکەییەکان، دابینکردنی ئاوی خواردنەوە و چاککردنی دۆخی کارەبا)

لە شارێکی وەکو بەغدادی پایەتەخت کە ساڵانی هەشتاکانی ڕابردوو خەڵک لە وڵاتانی ترەوە بە گەشتیاری سەردانی بەغدادی دەکرد وێڕای هەبوونی ڕژێمێکی فاشی و چەوسێنەری وەک بەعس، بەڵام ئێستا پاش ڕووخانی ئەو ڕژێمە فاشییە چەندین ساڵە دەوڵەتی ئیسلامیی شیعە مەزهەب نەیتوانیوە تەنها یەک هەنگاو بەرەوپێشەوە خزمەتگوزارییە شارستانی و مەدەنییەکان بەرێت، بەڵکو بەپێچەوانەوە لە ڕووی خزمەتگوزاری و ئاوەدانی و شارەستانیەوە بەرەو پاشەوە دەگەڕێتەوە، لە بە غدادی پایەتەختدا بەهەزارەها مرۆڤ هەیە پێویستی بە ئاوی پاکی خواردنەوەیە، بە هەزارەها مرۆڤ گیرۆدەیی نەبوونی شوێنی نیشتەجێ بوون و نەبوونی کارەبا و نەبوونی خزمەتگوزاری تەندروستی و گیرۆدەیە بە هەژاری و بێکاری و نا ئەمینی و ئاوارەیی.

لە چەندین شار و شارۆچکەکانی عێراق و کوردستاندا بەشێکی زۆر لە خەڵکی هەژاری و کەم دەرامەت و منداڵان دەبیندرێن لەسەر پاشماوەی زبڵ و خاشاکی شارەکان ژیان دەگوزەرێن و پاشماوە و شمەکەکان کۆدەکەنەوە بۆ ئەوەی ژیانی کولەمەرگی و هەژاری خۆیانی پێ بەسەر بەرن ,هەر کەس گومانی لەو تێڕوانینە و بۆچوونەم هەیە با کاتێک بۆ خۆی تەرخان کات و سەردانی شوێنی پاشماوە و زبڵ و خاشاکی شارەکان بکات. تەنانەت ئەو شارەی کە خۆیی لێی نیشتەجێیە بە دڵنیایەوە خەڵکێک و منالانێکی زۆر دەبینێت لە ناو زبڵ و خاشکدا شمەک و پاشماوەکانی شار کۆدەکەنەوە. رۆژ لە دوایی ڕۆژ ژیانی خەڵکی هەژار و زەحمەتکێش و کرێکار و بێکار بەرەو سەختر و نالەبارتر ملدەنێ.

لە شارێکی وەک کەرکوکیش ڕۆژانە بە ملیۆن بەرمیلە نەوت دەفرۆشرێ و دەنێردرێتە دەرەوە و بەشێکی زۆری بە تانکەر بەڕێگای نادیار کە تەنها بەشێک لەبەرپرسەکانی حیزبەکان خۆیان دەزانن دەوڵەتی عێراق هەرگیز نازانێت ڕێژەکەی چەندە و چۆن دەفرۆشرێت و دەبەرێت بۆ ئێران و تورکیا، بەڵام خەڵکی کەرکوک ساڵ لە دوایی ساڵ لە پاشەکشەدایە بە دەست ڕاگەیشتن بە خزمەتگوزاری و ڕیفاهیەت و خۆشگوزەرانی، بەردەوام ڕێژەی بێکاری...

بۆ لاپەرە ١١

# هەواڵی ناڕەزایەتییە کرێکاریی و جەماوەرییەکان

## ئامادەکردنی: شوان عەزیز و ئاراس رەشید

### کرێکارانی هێڵی شەمەندەفەر لە ئێران بەڵێن دەدەن کە مانگرتنەکانیان بەردەوامی پێبدەن!



بەپێی هەواڵێک کە لە رادیۆی( فەردا)وە بڵاوکرایەوە، کرێکارانی هێڵی شەمەندەفەر لە ئێران هەر لە مانگرتندان.

کرێکارانی هێڵی شەمەندەفەر لە شاری نیشابوری ئێران بریار دەدەن کە مانگرتنەکانیان بەردەوامی پێبدەن .

مانگرتنی ئەو کرێکارانە لەوەوە سەرچاوەی گرتووە، کە هەقدەستەکانیان پێنەدراوە. بۆیە ئەوان دەڵێن تا بەرپرس و دەسەڵاتدارانی هێڵی شەمەندەفەر ئەو پارەیان پێ نەدەن کە لەلایانە مانگرتنەکانیان درێژەی دەبێت. لەو بارەوە تیمێکی کرێکاری پێک هێنراوە، کە نوێنەرایەتی کرێکارەکانی هێڵی شەمەندەفەر دەکات. ئەو تیمە لە راگەیاندراوێکدا ئەوە دوپاتدەکەنەوە، کە مانگرتن درێژەی دەبێت تاکو مەبەستی مانگرتنەکانیان دێتە دی.

جێگەی باسە ئەو کرێکارانە لە ٢٠ی تەموزی رابردووەوە بە بەردەوامی لە مانگرتندان. ئەوان دەڵێن ئەوە بۆ ماوەی دوو مانگ دەچێت کە پارەیان وەرنەگرتووە.

ئەوەی کە تاکو ئێستا روونەو دەسەڵاتدارانی ئێرانی هەراسان کردووە، ئەوەیە کە مانگرتنی کرێکارانی شەمەندەفەر زۆرێک لە شارەکانی ئێرانی گرتۆتەوە. بۆ نموونە شارەکانی وەک ئاراک، ئازەربایجان، ئیسفەهان، خوراسان، لورستان و هەروەها زنجانیشی گرتۆتەوە. ئەوەی کە ئێستا ئەو کرێکارە مانگرتوانە وەک داواکاری بەرزیان کردۆتەوە ئەمانەن:

١- ئەو هەقدەستەیان پێبدرێت کە هی نزیکەی ٧ هەزار کرێکارە، و چەندین مانگە وەریان نەگرتووە.

٢- ئەو کرێکارانەی کە بە کاتی دامەزراون بکرێنە کرێکاری دائیمی.

٣- سیستەمی بیمەی کرێکاریان بۆ پێکبهێنرێت.

٤- مافی کۆبونەوە و پێکهێنانی ئیتحادیە و سەندیکای کرێکاریان پێبدرێت.

٥- مافی مانگرتن و ناڕەزایەتی دەربڕینیان پێبدرێت٦.

– هەرچی زووە دەرکردنی کرێکاران لەسەر کار بوەستێنرێت.

جێگەی باسە کە حەسەن روحانی، سەرۆک کۆماری ئێران، چەندین جار ئەوەی دوپات کردۆتەوە کە دەوڵەت پارەی ئەو کرێکارانەی داوە و هیچ قەرزداریان نییە. بەڵام کرێکارەکان دەڵێن نەخەیر وانییە و ئەوان هێشتا وەریان نەگرتووە.

هەروەها جێگەی باسیشە کە مانگرتنی ئەو کرێکارانە هاوکاتە لە گەڵ مانگرتنەکانی تری چین و توێژەکانی ئێران لەم رۆژانەدا. ئەوەش زیاتر ترس و دڵەراوکێی لە دڵی دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی ئێراندا دروست کردووە.

### دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی ئێران ئەندامێکی سەندیکای پیشەیی سەر بە مامۆستایان دەخاتە زیندانەوە!

### (کەمپینێکیش لە لایەن مامۆستایانەوە بۆ ئازاد کردنی رادەگەیێنرێت).

دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی ئێران دەستیان کردووە بە حوکمدان و خستنە زیندانی چالاکوان و ئەندامانی سەندیکا پیشەییەکانی سەر بەمامۆستایان.



هەر لەو ماوەیەدا موحەمەد حەبیبی کە ئەندامی بۆردی سەندیکای پیشەیی مامۆستایانی تارانە، بە ١٠ ساڵ و نیو حوکمی زیندانی بەسەردا درا.

ئەم دادگاییکردنەی موحەمەد حەبیبی لەلایەن دادگای شۆڕشی ئیسلامی ئێرانەوە بەڕێوە چووە، و کۆمەڵێک رێگری تریشی بەسەر مامۆستا موحەمەد دا سەپاندووە. بۆ نموونە نابێت مامۆستا موحەمەد تا ماوەی دوو ساڵ هیچ چالاکیەکی کۆمەڵایەتی و سیاسی ئەنجام بدات و هاتە دەرەوەشی لێ قەدەغە دەکرێت، هەروەها دەبێت ٧٤ کوتەکیشی لێبدرێت.

#### موحەمەد حەبیبی چۆن گیرا:

رێکخراوی هاوپشتی نوێنەتەوەیی بۆ پشتگیری لە کرێکاران و خەڵکی راپەڕیوی ئێران رایگەیاند کە : لە ٢٠ ئایاری ٢٠١٨ دا زۆرێک لە مامۆستایانی تاران هاتنە سەر شەقامەکان و دەستیان کرد بە ناڕەزایەتی دەربڕین لە دژی دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی ئێران. هەر بۆیە دەسەڵاتداران لێیان وەخۆدەکەون، دەستیان کرد بە گرتنیان لە رێگەی هێزە چەکدارە سەرکوتگەرەکانیانەوە. جێگەی باسە کە هێزەکانی کۆماری ئیسلامی ١٤ مامۆستا دەگرن و لە ناویشیاندا مامۆستا موحەمەد حەبیبی دەبێت. مامۆستا موحەمەد پێشتریش لە مانگی ئازاردا گیرابوو وە بە کەفالەت بەریان دابوو.

رێکخراوی هاوپشتی نێونەتەوەیی ئەوەشی راگەیاند کە لە دەمی کەس و کاری مامۆستا موحەمەدەوە بیستویەتی دەڵێت: ئێستا مامۆستا موحەمەد لە گەورەترین زیندانی تاران دایە. کەس و کارەکەی سەردانیان کردووە و بینیویانە کە هەموو لەشی شوێن لێدان و ئەشکەنجەیە. ئێستا مامۆستا موحەمەد لەبەرئەوەی زۆر لێیان داوە و بە شەقامەکاندا رایان کێشاوە و کوتەک کاریان کردووە، بۆیە تووشی نەخۆشی بووە و هەناسەشی بە باشی بۆ دەرناچێت.

هەر بۆیە داوا دەکرێت لە تەواوی رێکخراوەکانی سەر بە مامۆستایان لە ناوەوە و دەرەوەی وڵات کە کارێک بکەن بۆ ئازاد کردنی مامۆستا موحەمەد.

هەر دوای ئەم بانگەوازەی رێکخراوی هاوپشتی نێونەتەوەیی بۆ پشتگیری لە کرێکاران و خەڵکی راپەڕیوی ئێران کەمپینی گەورە راگەیێنرا بۆ ئازادکردنی مامۆستا موحەمەد.

### کرێکارانی بەشی کشتوکاڵی لە ئیتالیا دەست دەدەنە مانگرتن و هاوار دەکەن دەڵێن" ئێمە کۆیلە نین" !

بە پێی هەواڵێکی بی بی سی ئەو کرێکارانەی کە لە وڵاتانی کیشوەری ئەفریقاوە هاتوون و لە کێڵگە و مەزراکانی وڵاتی ئیتالیادا کاردەکەن دەستیان داوەتە مانگرتن.

ئەو کرێکارە ئەفریقیانە تەنها لە وەرزی هاویندا دەهێنرێن بۆ ئیتالیا و تەنها بە هاوینان کاری ئەوان هەیە. بۆ ئەوەش دەهێنرێن تا لە کێڵگەکاندا کار بکەن و بەروبوومی میوە بچنن.



شایەنی گوتنە کە ئەو کرێکارانە بە هەقدەستێکی زۆر کەم کاریان پێدەکرێت. بۆ نموونە؛ دەبێت هەر کرێکارێک ئەگەر لە کێڵگەی تەماتەدا کاربکەن دەبێت ١٠٠ کیلۆ تەماتە بچێنن ئینجا یەک دۆلارو ١٥ سەنتی پێدەدرێت !

هۆی سەرەکی مانگرتنەکەشیان بۆ ئەوەیە کە دەسەڵاتداران رێگەوبانی هاتووچۆیان بۆ باشتر بکەن. جێگەی باسە، کە لەماوەی ٤٨ کاتژمێردا ١٦ کرێکاری کشتوکاڵی بە رووداوی هاتوچۆ گیانیان لەدەست داوە. کرێکاران دەڵێن هەموو ئەو روداوانە بە هۆی خراپی رێگاوبانەکانەوە بووە.

کرێکاران دەڵێن، بە بەردەوامی لەبەر خراپی رێگاوبانەکان ئێمە چاوەڕێی مردن دەکەین. بۆ نموونە لە پێکدادانێکی لۆریەکی پڕ لە تەماتە لەگەڵ ڤانێک کە کرێکاری تێدابووە، چوار کرێکار بوونە قوربانی. لە شوێنێکی تردا و لە رووداوێکی تردا ١٢ کرێکار بوونە قوربانی. کرێکارەکان دەڵێن رێگەوبانەکان پێویستیان بەگەورەکردن هەیە و دەبێت ژیان و گوزەرانی کرێکارانیش باشتربکرێت.

بەشێک لەو کرێکارە ئەفریقیانەش پێیان وایە کە ئەم رووداوانە بە مەبەستن و لە رق و بوغز و کینە وە سەرچاویان گرتووە. بۆ نموونە ژمارەیەکی زۆری کرێکاران دەهێنن و کاریشیان پێنادەن و لەم کێڵگە بۆ ئەو کێڵگە دەیان هێنن و دەیان بەن. لە لایەکی تریشەوە ژمارەیەکی یەکجار زۆر دەخەنە ناو ڤانێکەوە کە ڤانەکە توانای ئەو ژمارەیەی نییە.

هەموو کرێکارەکان کە دەستیان داوەتە مانگرتن کلێتەیەکی سووریان لەسەرکردووە.

### مانگرتنی کارگەران لە بورجی ئیڤل

مانگرتنی کرێکارانی بورجی ئیڤل بەهۆی کێشەی راوەستانی دووروودرێژی گەشتیاران لەو شوێنە بەناوبانگە. ئەوەش بووە هۆی داخستنی بورجەکە لە ترۆپکی وەرزی گەشتیاری لە هاویندا. گفتوگۆی نێوان کۆنفدراڵی گشتی کار و ئیدارەی بورجەکە گەیشتنە سیستەمێک سەبارەت بە چوونە ژوورەوە بە شێوەیەکی تازە. کرێکارەکان



دەڵێن سیستەمە تازەکە زۆر هیلاک کەرە. بەو هۆیەوە رۆژی پێنجشەممە بورجەکەیان داخستوە. روونیش نییە کە مانگرتنەکە تاکەی بەردەوام دەبێت.

بەرپرسانی نەقابی دەڵێن کە سیستەمە تازەکە لە مانگی تەموزەوە دەستی پێکردوە، و ئەسانسۆری تایبەتی بۆ جیای بۆ جۆرە جیاجیاکانی بلیتەکان دیاری کردووە، ئەمەش هیلاککەرە بۆ کرێکاران بۆ بەرخوردکردن لەگەڵ گەشتیاران. ئیدارەی بورجەکە گوتیان کە مانگەکانی هاوین بەردەوام قەرەباڵغە.

ساڵانە پتر لە ٦ ملیۆن گەشتیار سەردەکەونە سەر بورجی ئیڤل کە بەرزاییەکەی ٣٢٤ م ە، ئەوەش بەناوبانگترین شوێنی گەشتیاریە لە شارەکە...

بۆلاپەرە ١١

# لە گۆشەیەکی ترەوە

**پرس و ڕای هەفتانە. گۆشەیەکی هەفتانەیە کە هاوڕێ موزەفەر عەبدوڵا دەینووسێت. بۆپێشەوە هەر دوو هەفتە جارێک، باسێک یان چەند باسێکی بڵاودەکاتەوە...لەم گۆشەیەدا "بۆ مەگەر مەسعود بارزانی تەنها خاوەنی ٤٨ ملیۆن دۆلارە؟...دەخوێننەوە**

لە ڕۆژەکانی هەفتەی ڕابردوودا دەزگایەکی ڕاگەیاندن لە سعودیە هەواڵێکی بڵاوکردەوەو نووسیبوی، مەسعود بارزانی خاوەنی ٤٨ ملیار دۆلارەو دووەمین کەسایەتی دەوڵەمەندە لەدوای نوری مالکی لە عێراقداو لە ڕیزبەندی پێشەوەی ملیاردێرە جهانییەکانە.

ئەم هەواڵەش لەوساوە تا ئێستا بۆتە یەکێک لە هەواڵە بەرچاوەکان و زۆربەی دەزگاکانی ڕاگەیاندن و چاودێرانی سیاسی و ڕای گشتی لە ئاستی ناوخۆ و دەرەوەی کوردستان و عێراق باسی لێوە دەکەن.

بێگومان ئەمە یەکەم جار نییە کە هەواڵی وا بڵاودەبێتەوە لەلایەن دەزگاکانی ڕاگەیاندن کە سەرچاوەکانیان دەزگاکانی تری پرسە دارایی و سەرمایەگوزاری و بانکییە جیهانییەکانن، بەڵکو چەند جاریتر هەواڵی وا بڵاوبۆتەوە کە کەمترین گومان لە ڕاست بوونیان هەیە.

بۆ نمونە پێشوتر سەرچاوە بانکییەکانی دەوڵەتی سویسرا لە ڕاپۆرت و هەواڵی گەورەکانی دونیا ناوی مەسعود بارزانی و زۆرێک لەسەرانی تری بنەماڵەکەیانی تیدا بووە. نەک هەر بارزانی، بەڵکو ناوی سەدان کەسی تری بنەماڵەی تاڵەبانی و سەرانی تری قەومی و خێڵەکی و ئیسلامی و تایەفی کوردستان و عێراقی تێدا بووە.

ئەوەش ئاشکرایە کە هەموو ئەم ملیاردێرە گەورانە لەماوەی ئەم ٢-٣ دەیەیەی دەسەڵاتیاندا هەموو ئەم پارەو سەرمایەیان بە شێوازی دزی و گەندەڵی و سەپاندنی سەرانەو بازرگانی ناشەرعیەوە کۆکردتەوە.

هەرچەندە جار جار ئەم سەرۆکە مافیاییانە ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ هەوڵیانداوە ئەم هەواڵانە بەدرۆ بخەنەوە، بەڵام نەک هەر خەڵکی دەرەوەی دەسەڵاتەکەیان، بەڵکو بەشی زۆری موچەخۆرە بەکرێگیراوەکانی خۆشیان بڕوایان پێان نەبووە.

لەبارەی هەواڵی ئەمجارەشەوە مەسعود بارزانی لە کۆتا قسەکانی، لە کۆنگرەی لاوانی حزبەکەی کە لە شاری هەولێر بەسترا ،وتی: هەواڵێک بڵاوبوتەوە گوایە من خاوەنی ٤٨ ملیاردۆلارم. خۆزگە ئەم هەواڵە ڕاست بوایەو ئێستا زۆر شت دەگۆڕا...! بەڵام لەو بڕوایەدام نەک هەر من زۆرایەتی خەڵکیش کە ئەم هەواڵەو وەڵامە شەرمنۆکانەکەی بارزانی سەرنج و توانجانەی بیستبێت ئەوە ئەم پرسیارەی بە بیردا دێت: بۆ مەگەر بارزانی تەنها خاوەنی ٤٨ ملیار دۆلارە؟!

جا ئەگەر ئەم پرسیارە نەک لە کەسانی پسپۆر چاودێری سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی..هتد، بەڵکو لەهەر مناڵ و لاو و ژن و مرۆڤێکی پیرو پەککەوتە، کە لەسەر شەقامەکان کاری دەستفرۆشی وبارکێشان و پێلاوبۆیاخ کردن وپاککردنەوەی شەقامەکان و دەیانی کاری تاقەت پڕوکێن دەکەن، بکرێت



ئەوە بە ئاسانی و ڕاستی وەڵام دەدەنەوەو دەڵێن مەگەر سەری ڕەش و- ئەهلی بنەماڵە ناوەکەیان گۆڕیوە بۆ سەری بڵند بەڵام خەڵکیش لە دژیان کردویانە بە سەری شۆر - زۆربەی هاوینە هەوارەکانی هەولێرو دهۆک هیماڵباتی بارزانی نییە...!

مەگەر هاوینەهەواری سەری ڕەش کە لە ٣١ ئابی ١٩٩٦ وە داگیریان کردوە، وپێشتر هەمووی موڵک وماڵی خەڵکی ئاسایی بووە، نرخەکەی ناکاتە لانی کەم نیوەی ٤٨ ملیارەکە.

بێگومان ئەوە تەنها بارزانی نییە کە خاوەنی دەیان ملیارە دۆلارە، بەڵکو زۆرێک لە سەرانی ئەم دەسەڵاتە خێڵەکی و قەومی و میلیشاییە لەماوەی نزیک ئەم سی ساڵە بونەتە گەورە ملیاردێرەکان. هەمووشی بە شێوازی دزی و گەندەڵی و سەپاندنی سەرانەو دەستبەسەراگرتنی موڵکو ماڵی دەوڵەتی و خەڵکی.

ئەگەر مەسعود بارزانی لەسەرەوەی ئەم ڕیزبەندیی دەوڵەمەندییەدایە ئەوە براو کوڕ و برازاو ئامۆزاو سەرانی خێڵ و حزبەکەی کەمێک لەخوار ئەوەوەن.

هاوکات سەرانی بنەماڵەی جەلال تاڵەبانی، بە تایبەتی هێرۆی هاوسەری و کوڕ خوشک وئامۆزاو سەرانی تری حزبەکەیان هەموویان لە گەورە ملیاردێرەکانن.

هەموو کەسێک دەزانێت چەند ساڵێک لەمەوبەر جەلال تاڵەبانی لە چاوپێکەوتنێکی تەلەفزیۆنی بە ئاشکرا نەیوت لە کوردستان دەیان ملیاردێرو سەدان ملیونێریش هەیە.

ئاخر ئەگەر نەوشیروان مستەفای سەرۆکی بزوتنەوەی گۆڕان، کە کۆمەڵێک لە ڕۆشنبیرە وردەبۆرژوا ناسیونالیستەکان، ناویان نابوو باوکی هەژاران، داوای عەدالەتی کۆمەڵایەتی و دیموکراسی و شەفافیەت و نەمانی دزی و گەندەڵی دەکرد، یەکێک بێت لەو ملیاردێرانە ئەی بۆ نابێت بارزانیش گەورە ملیاردێر بێت.

ئەوەتا پاش مردنیشی هەموو موڵک وماڵ و سامانەکەی لەسەر هەردوو کوڕە داماوەکەی تاپۆ کرد. جا با گۆڕانخوازان بە گشتی ڕۆشنبیرە وردەبۆرژواکان بەتایبەتی هەر زورنا لێدەن و سیر بخۆن و سوێند بەسەری باوکی هەژارانی ڕەحمەتی بخۆن.

ئەگەرچی سەرانی گۆڕان دەڵێن ئەو سەروەت و سامانە هی گۆڕانە، بەڵام نەک هەر خەڵکی ئاسایی، بەڵکو زۆرێکی تر لەسەرانیان و هەڵسوڕاوەکانیان شەڕو شینی ئەوە دەکەن کە نابێت هەموو ئەو سەروەت و سامانە لەسەر کوڕانی نەوشیروان تاپۆ بکرێت و ئەوان خاوەنی بن.

گومانیش لەوەدا نییە کە ئەمانە هەروەک سەرانی دەسەڵاتدارانی تری ئیسلامی و تایەفی و قەومی لە بەغدا ئەم پارەو سەروەت و سامانەیان بە دزی و گەندەڵی و سەپاندنی سەرانەو سەرکوتی ئاشکرا کۆکردۆتەوە.

ئەمانە لەکاتێکدا خاوەنی ئەم سەروەت و سامان و پارەو پوڵە بێ شومارەن، بەڵام زۆرایەتی ڕەهای خەڵکی لەوپەڕی هەژاری و بێکاری و بێ موچەیی و بێکارەبایی و بێ ئاویی ..هتد ژیان بەسەر دەبەن.

بۆیە هیچ گومان لەوەدا نییە کە مەسعود بارزانی و سەرانی تری خێڵ و دەسەڵاتەکەی لەگەڵ بنەماڵەی تاڵەبانی و سەرانی تری ئەم دەسەڵاتە، نەک لەهەرێمی کوردستان. بەڵکو لەهەموو عیراق زۆر لەوە زیاتر پارەو سەروەت و سامانیان هەیە.
ئەو ٤٨ ملیار دۆلارە تەنها ئەو بڕە پارەیەیە کە بە ئاشکرا لە بانکەکانی وڵاتانی دەرەوە و کۆمپانیاکان هەیانە. خۆ ئەگەر هەمو موڵک وماڵ و سەرمایەکانیان لەناوەوەش بە وردی حیساب بکرێت ئەوە چەند قاتی ئەو ٤٨ ملیار دۆلارەیە.

جا هەتا ئەمانە لە دەسەڵاتدا بن ئەم دۆخە سیاسییەش بەردەوام بێت ئەوە ئەوانە دەوڵەمەندترو جەماوەریش هەژار تر دەبن. تاکە ڕێگاش بۆ کۆتاییهێنان بەم دۆخەو ئەم نایەکسانی و پێشێلکاری ئازادی و نا دادپەروەرییە بەردەوامی نارەزایەتییەکانە بە شێوازێکی یەکگرتوانەو ڕێکخراوانەی چینایەتی تا ڕاپەڕین و کۆتایی پێهێنان و ڕوخانی دەسەڵاتی ئەم تاقمە خێڵەکی و قەومی و ئیسلامی و تایەفییە میلیشاییانە لە ئاستی کوردستان و عێراق، و دامەزراندنی دەوڵەت و حکومەتێکە کە جەماوەری ڕێکخراو خۆی بەڕێوەبەری سیاسی و ئابوری بێت تا زۆرترین ئازادی و یەکسانی و دادپەروەری بەدی بێت...

# یادێک لە گیانبەختکردوانی ڕێگای ئازادی و سۆسیالیزم

**بۆپێشەوە گۆشەیەکی کردۆتەوە بۆ ئەوەی لە هەر ژمارەیەکیدا یادی یەکێک لەو تێکۆشەرانە بکاتەوە کە گیانی خۆیان بەختکرد لە پێناو ئازادی و سۆسیالیزم و خۆشبەختی مرۆڤایەتیدا. بەم بۆنەیەوە داوا لە هەموو کەسوکار و هاوڕێ و کەسانی نزیکی هەموو ئەو هاوڕێ و تێکۆشەرانەی کە لە دژی زوڵم و ستەم و چەوسانەوە تێکۆشاون و سەرئەنجامیش یان لەمەیدانی خەبات و ڕووبەڕووبونەوەی چەوسێنەران و دەسەڵاتی ستەمکارانەیاندا گیانیانبەختکردووە، یان تیرۆرکراون یان بەهەر هۆیەکی ترەوە گیانیان لەدەستداوە، هاوکاریمان بکەن بە ناردنی وێنە و کورتەیەکی ژیان و خەبات و چۆنیەتی گیان لەدەستدانی هەر یەک لەو ئینسانە شەریف و تێکۆشەرانە. لەم بارەیەوە بۆپێشەوە هیچ سنورێکی ڕێکخراوەیی و فکری و سیاسی دانانێت بۆ بەرزراگرتنی یادی هەموو ئەو تێکۆشەرانەی کە بەشێک لە ژیانی خۆیان بۆ خەبات لە پێناو ئازادی و سۆسیالیزم و وەستانەوە دژی ستەم و هەڵاواردن و نەهامەتیەکانی سیستەمی سەرمایەداری تەرخان کردووە و بەم بۆنەیەوە یان بە هەرهۆیەکی ترەوە بێت گیانیان بەختکردووە و مۆمی تەمەن و خەباتیان کوژاوەتەوە. باشتر وایە یادکردنەوەی هەر یەکێک لەو تێکۆشەرانە هاوکات بێت لەگەڵ ڕۆژی گیانبەختکردنیاندا. هاوکاری کردنی ئەم گۆشەیە جێگای سوپاسی ئێمە و ڕێزنیشاندانە بۆ خەباتی ئەو ئازیزانە.**

**بـــــــۆپـــــــێـــــــشـــــــەوە....**
www.bopeshawa.net



# دیمانە لەگەڵ...سروە فایەق سەبارەت بە چۆنیەتی گیران و بیرەوەرییەکانی ناو زیندانی ڕژێمی بەعس

## سازدانی: ئاراس رەشید

**تێکۆشانی کۆمۆنیستەکان، لە پێناو دنیایەکی باشتر و دامەرزاندنی کۆمەڵگەیەکی سۆشیالیستیدا، مێژوویەکی درەوشاوەیە... لەو ڕێگایەدا ژمارەیەکی زۆر لە کۆمۆنیستەکان گیانیان لەدەستداوە، یان لەلایەن جەلادەکانی بەعس و پارێزەرانی نیزامی زاڵمانەی سەرمایەدارییەوە، توشی راوەدونان و گرتن و شکنجە بوونەتەوە... بۆپێشەوە بە مەبەستی ناساندنی رۆڵی تیکۆشەرانەی ئەو کۆمۆنیستانەی لەلایەن بەعسەوە گیراون، تەوەرەیەکی تایبەتی دەکاتەوە... کەهەر جارەی گفتوگۆ لەگەڵ یەکێک لەو هاوڕێیانە دەکات، کە زیندانی کراون... لەم ژمارەیەدا سروە فایەق دەدوێنین...**

**بۆپێشەوە** : سەرەتا پێمان خۆشە خۆتان پێمان بناسێنن.

**سروە**: من ناوم سروە فایەقە؛ لە دایک بووی شارۆچکەی تەوێڵەی هورامانم. خوێندنم لە تەوێڵە و هەڵەبجە تەواو کردوە. ئێستا لە وڵاتی کەنەدا دەژیم.

**بۆپێشەوە**:ئێوە لەگەڵ چ لایەنێکی سیاسی بوون، و بۆ گیران و چۆن گیران؟

**سروە**: بەداخەوە بزووتنەوەی چەپ ئەو زەمان دابەش ببوو بەسەر چەند ڕێکخراوێکی پەرش وبڵاودا. من هەڵسوڕاوی دەستەی پێشرەوانی پرۆلیتاریا بووم و هاوسەریشم (سەردار عەبدڵاو حەمە) ئەوکات ئەندامی محەلی سلێمانی دەستەی پێشڕەوان بوو. ئێمە کۆمەڵێک هەڵسوڕاوی کومونیست لەسەروبەندی داگیرکاریەکەی ڕژێمی بەعس بۆ سەر وڵاتی کوەیت، لەوکاتەدا حیزبە ناسیونالیستە کوردەکان دوای ئەنفالە بەدناوەکەی ڕژێم کە هیچ کامێکیان دەنگ وسەدایان لە کوردستان دا نەمابوو. کۆمەڵە گروپێکی چەپ کاری نهێنیان دەکرد. لەوسەردەمانەدا زۆر ئەستەم بوو بتوانی ئەلف بێی سیاسی بڵێی، بەڵام ئەو کۆمەڵە گروپە چەپانە کاری نهێنیان دەکرد. وەکو بیرم مابێت دەستەی پێشڕەوانی پرۆلیتاریا و ڕەوتی کۆمۆنیست ودەستەی ڕزگاری کوردستان، ئەگەر هەڵە نەبم لە ناوەکەی، چەندان گروپیتر کاری نهێنیان دەکرد. ئێمە چەندان کچ وکوڕی چەپ لەگەڵ چەندان کەسیتر کەسەر بە دەستەی پێشڕەوان بووین. کۆمەڵێک کەسی ڕەوتی کۆمۆنیستیش دەستگیر کراین. لە ماوەی بیست ڕۆژا، زوربەی هەڵسوڕاوە کۆمۆنییستەکانی ناو سلێمانی و کەرکوک وقەڵادزێ دەست بەسەرکراین. تەنها تاوانێک کە کردبێتمان نارازی بوون بوو بەدەسەڵاتی ستەم کاری سەرمایەداری بە عس.

**بۆپێشەوە**:لەکوێ گیران و ماوەی چەند زیندانی بوون

**سروە**: بەداخەوە کاتێ کە بەشێک لە هاوڕێیانمان دەستگیر کرابوون ئێمەش بەپەلە لەگەڵ هاوسەرم و منالی ساوامان (هێڤی) لە ماڵ نەماینەوە و بەرەو ماڵانی ناسراوان و هاوڕێیانمان چووین. بە فەرمانی ڕێکخستن وەهاوڕێیانی تریشمان ئاگادارکردەوە، کە خۆیان بشارنەوە.هەڵبەت ئاگادار کردنەوە زۆر ئاسان نەبوو، دەبوایە ماڵ بەماڵ بگەڕایتایە تا یەک بەیەک ئاگادارت بکردنایە، چونکە تەکنۆلۆجیای ڕاگەیاندن ئەو زەمانە هێندە پێشکەوتوو نەبوو. بۆیە یەکەم ماڵ کە لەبیرم بێت؛ چووین بۆ ماڵی هاوڕێ شێخ حوسەین لە چوارباخ لەگەڵ خوشکەکەی دەژیا و کرێچی بوون. خوشکەکەی وتی حوسەینیان بانگ کردوە، کە گوایا ساحێب ماڵەکەی شایەت بدات کە کەلووپەلی گران فرۆشتووە لەدوکان، بەم فرت و فێڵە ویستبوویان هەڵی خەڵەتێنن. زۆری نەبرد ماڵی کاک حوسەین پڕ بوو لە ئەمن! زۆر ترسام بەڵام بیروباوەڕم ورەمی بەرز دەکردەوە و خۆم ڕادەگرت. دەستی سەرداریان بەرز کردەوە و وتیان تۆ لێرەچی دەکەی؟ بە شێوەیەک فریومان دان و بەهەورامی سەردار بەمنی وت، کە بە ژنی خاوەن ماڵەکە بڵێت کە خوشکەزای ئەوین و ڕێگامان بدات کە لەبەر خاتری منالە ساواکەمان بچینە دەرەوە. خۆشبەختانە تا ئێرە پلانەکەمان سەری گرت و توانیمان دەرباز بین. لەدەرەوە برای شێخ حوسەینمان بینی مەسەلەکەمان تێگەیاند و بردینی بۆ ماڵێک کە ئەوانیش ناویان (سەردار و سروە) بوو، خزمەتیان کردین. بەیانی چووین بۆ ماڵی چیمەنی خوشکی سەردار، و پاش دوو ڕۆژ چووین بۆ ماڵی پوورم لە زەرگەتە. پاشان ئەوەی هەوڵماندا کە پەیوەندی بکەین بە




کۆمەڵەی ئێرانەوە، بەڵام سەری نەگرت. ڕێکخستنیش هیچ وەڵامێکی نەبوو! کە گوایە هەویەمان بۆ دروست بکەن، لەم کاتەدا ماڵی خوشکمان ئاگادارکرد کە تا ئێستا سەلامەتین، و نەگیراوین و لەماڵ پوورم ماوینەتەوە. دوای ئەمە دەمەو بەیانی هاتنە سەرمان و دەستگیر کراین و نەیان هێشت بجولێینەوە. سەرداریان کەلەپچە کرد، و ئەویش وتی ئەڵقەکەی دەستم ببە بیفرۆشە بۆشیری منالەکە، لەوکاتەدا باوکم یادی بەخێر هاتبوو بۆ لامان بۆ ئەوەی بزانێ دەنگو باسمان چییە؟ بەڵام هەموومانیان گرت. من و سەردارو دوومناڵی ماڵەکە و باوکم و مێردی پوورم. هاوڕێ سەردار وتی ئەو قوتووی شیرە بێنە و شیر بکە بۆ منالەکە، هاوڕێ سەردار مەبەستی ئەوە بوو کە ئاگام لە قوتوەکە بێت، کە لەژێر شیرەکەدا ناوی ڕێکخستنی سلێمانی لەوێدا شاردرابوونەوە، ئەمنەکان شکیان کردبوو! بۆیە قوتوە شیرەکەیان پشکنی، بەڵام خۆشبەختانە ناوەکانیان لەبنی شیرەکەدا نەبینی. هاوڕێ سەرداریان بە دەست بەستراوی ڕاپێچی ناو سەیارەکانیان کرد، کە نزیکەی دە لاندکرۆزەر بوون. منیش وتم قبووڵ ناکەم سەردار بەرن، منیش دێم؛ وتیان باشە دەتبەین. منیش وتم منالەکەشم دهێنم وتیان باشە. پاش چەندین سووکایەتی و ئەشکەنجە و جنێوی ناشیرین، ئێمەیان گەیاندە ئەمنە سوورەکە.

**بۆپێشەوە** : دۆخی ناو زیندان چۆن بوو؟ مەبەستمان ئەوەیە جۆری لێدان و ئەشکەنجە و لێپرسینەوە چۆن بوو؟ پەیوەندیتان لەگەڵ زیندانیەکانی تر چۆن بوو؟

**سروە**: کاتێک کە دەستگیرکراین، کچەکەم تەنها تەمەنی چەند مانگێک بوو، بردیانین بو دائیرەی ئەمن کەبە قەڵای باستیل ناوبانگی دەرکردبوو. ئەمنە سورەکە لە ئێستادا کراوە بە مۆزەخانەی نیشتیمانی. دوای گەیشتنمان بە دائیرەی ئەمن، منیان بردە ژووری ژنان، کە چووم چەند ژنێکی تری لێبوو. ئەوانەی کە ناوەکانیانم بیرماوە (میهرە بان، فاتمە، ڕێزان و منالێک تەنها تەمەنی مانگێک بوو) لەو ژمارەیە زیاتر بوون، من تەنها ئەوەندە ناوەم بیرماوە، بە داوای لێبوردنەوە. بەناشرینترین شێوە مامەڵەیان لەگەڵ دەکردین. ئەشکەنجەی گیانی و ڕۆحی، لێپرسینەوە بەردەوام بوو بۆماوەی چوار مانگ. ئێستاش کەبەوناوەدا تێدەپەڕم زۆر شعورێکی خراپم هەیە لەبارەی ئەشکەنجە بە کێبلی کارەبا وقژڕاکێشان، و چەندان ئەتواری نەشیاو. وەکو سەرکێشان بە دیواری لەبغی ڕاڕەوی بردنمان بۆ ژووری تەحقیق. لەکاتی دەستگیرکردنماندا، هەندێ بەڵگەنامە کەوتە دەستی دوژمن، کە لەناویاندا ناوی نهێنی منیان دۆزیبوویەوە. کاتێک کە هاتن بانگیان دەکردین، یەکسەر جەلادەکان هاواریان دەکرد (سەرگوڵ) کە ناوی نهێنی من بوو. لەنێو ڕێکخستنەکانی دەستەی پێشڕەوانی پرۆلیتاریادا کە زیاتر (نەقیب جەمال) کە خەڵکی کەرکوک بوو بە سووکایەتیەوە بەناوە نهێنیەکەم بانگی دەکردم، ئەگەر ئەم بەڵگەنامەیان وەدەست نەکەوتایە؟ لەوانە بوو سوکایەتی و ئەشکەنجەم کەمتر بوایە.، ئەوەی کە تاوەکو ئێستا لە مێشکمدا دەرناچێ؟ و دەزرنگێتەوە دەنگی ئەو بەستە کلیلە زەبەلاحانە بوو کە بە ئەڵقەیەکی گەورەوە کرابوون وجەلادەکان دایانکردە شانیان بۆ گواستنەوەیان لەم ژوور بۆ ئەو ژوور. کاتێک بانگیان دەکردین ئەم هەموو کلیلانەیان ئەکێشا بە دەرگا ئاسنەکەی ناو زیندان، بەمە دەمانزانی کە یەکێک بانگ دەکرێت بۆ تەحقیق و ئازاردان. لە هەمووی کارەسات بارتر، بوونی منالە ساواکەم بوو ( هێڤی )، لەگەڵم دا دوور لە هەر پێداویستیەکی سەرەتایی منال و ئینسان، هەموو ڕۆژێکم مەرگێک بوو! کە وەزعی منالەکەمم دەبینی بێ شیر و خواردن و پێداویستی تەندروستی، وەک هەڕەشەیەکیش بەکاریان دەهێنا بەرامبەرمان بۆ دانپیانان و وتنی ڕاستیەکان. شایەنی باسکردنە تەنانەت لەنێو زیندانیشدا هەموو مرۆڤەکان وەحشی جەلاد نین، بگرە پاسەوانێک هەبوو هەندێک بەزەیی تێدا بوو کەناوی (نایف) بوو، بەدزی ئەوانی ترەوە، بەشە خۆراکی خۆی لەگەڵ ئێمە بەش دەکرد، قەد بیرم ناچێت. بەتایبەتی بۆ منالەکەم هاوکاریەکی زۆر باش بوو. هەرچەندە ئەمە کورتەیەکە باسی ئەکەم سەبارەت بەوەزعی خۆمان و منالەکەم چۆن ژیانی مەمرەو مەژیمان بردۆتە سەر. بەتایبەتی بۆ منالەکەم زۆر سەخت بوو. پاش دوو مانگ بەزۆر لێیان سەندم و دایان بەسەر باوکم دا ( فایەق فتحوڵا) یادی بەخێر. هەرگیز ئەو ساتانەم لە بیر ناچێ! کاتێک باوکم بینی، وەک بیروەریەکی تاڵ و شیرین لە بیرەوەریم دا هەردەمێنن. لەنێو ئەم هەموو ترس و لەرزەدا کە نەمان دەتوانی بە تایبەتی باوکم هەستی خۆی بۆمن دەربڕێت و تەنها لە نێو چاوەکانیدا هەموو شتێکم دەخوێندەوە، لەقوڵایی دڵی پڕ لە سۆز، ئازاری تێ دەگەیشتم زۆر بە ئاسانی دڵنیای دەکردمەوە کە بەچاوەکانی دەی وت خەمی منالەکەتت نەبێت. تەنها خەمی ئێوەمانە، ئەوئێوارەیە حاڵم زۆر خراپ وزۆر گریام، بەڵام ناچاربووم، چونکە شیرنە بوو پێیی بدەم، پارەشەم لانە بوو هەم ئەوانیش بۆیان نەدەهێنام. ئەو کاتە هەلومەرجی ناوخۆی عێراق گەمارۆی ئابووری بوو، کە خەڵکی زۆربەی برسی بوون...

بۆ لاپەرە ١١

# درێژەی... هەواڵ و نارەزایەتییە کرێکارییەکان..

### کرێکارانی بەشی چاکردنەوە لە هێڵی ئاسمانی جەزائیر بەردەوامن لە مانگرتن.



سەرەرای دەرکردنی حکومی قەدەغەکردنی مانگرتنی و نارەزایەتیەکان کە نەقابەی هێڵی ئاسمانی دەریان کردووە، کرێکارانی بەشی چاکردنەوە لە هێلی ئاسمانی جەزائیر بەردەوامن لە مانگرتن. ئیدارەی هێڵی ئاسمانی جەزائیر هەولّیدا بە ئارامکردنەوەی تورەیی تەکنیکارەکان کە لە ئاستی ژمارەیەک فرۆکەخانە کاردەکەن، ئەوەش لەرێگەی بانگێشتیان بۆ گفتوگۆ، بەلاّم ئەوە رێکنەکەوت.

کرێکارانی بەشی چاکردنەوە داواکارن بەجێبەجێکردنی ئەو رێکەوتنە نەقابیەی کە لە سالّی ١٩٩٩ کراوە، لەنێوان نوێنەرانی کرێکاران و ئیدارەی هێلی ئاسمانی جەزائیر. ناوەرۆکی رێکەوتنەکە بریتیە لە بەرزکردنەوەی کرێی ئەو تەکنیکارانە و چاکردنی هەلومەرجی کاریان. راگەیاندنە ناوخۆییەکان ئاماژەیاندا بەوەی کە" نەقابەی کرێکارانی چاکردنەوە نارەزایەتیان دەربریوە لە بەرخوردی جیاکاری لەگەڵ نوێنەرانی ئیدارە، دوای ئەوەی رازبوون بە بەرزکردنەوەی کرێی فەرمانبەرانی بەشەکانی دیکە".

جەزائیریەکان نیگەرانیان هەیە لەو بزووتنەوە نارەزایەتییە، بەتایبەت هاوکاتە لەگەڵ چالاکیەکی زۆری فرۆکەخانەکان بەهۆی گواستنەوەی هاولاّتیان لە جەزائیر بۆ دەرەوە و بە پێچەوانەوە. وەزیری گواستنەوە عبدالغنی زعلان دلّنەوایی بە هەموو هاوولاّتیان داوە، کە مانگرتنی تەکنیکاران کار ناکاتە سەر چالاکی هێڵی ئاسمانی، بەتایبەت گەشتەکانی تایبەت بە حاجیان. ئەوەشی زیادکرد کە" ئیدارەی هێڵی ئاسمانی جەزائیری هەوڵ دەدات لە کاتێکی نزیکدا بگاتە چارەسەر لەگەڵ کرێکارانی مانگرتوو".

## درێژەی...بۆ رزگاری لە چەوسانەوە ئەبێت سیستەمەکان بگۆردرێن ...

گەنجان و لاوان زیاد دەکات و هەژاری خەلّک زیاتر دەبێت، بەردەوام ئەمنیەت وئاسایشی خەلّک لە مەترسی دایە، سالاّنە شەرِ و ئاوارەیی و تەقینەوە و کوشتن و قوربانی بوونی گەنجان و لاوەکانیان بەرۆکییان بەرنادات بەهۆی شەرِی کۆنەپەرستانەی حیزبە قەومی و دینییەکانەوە. بەردەوام میلیشا و هێزی چەکدار لەناو شار لە زیاد بووندایە و بارەگای تازە دەکەنەوە، تەواوی شار سیمای چەکداری بەخۆیەوە دەبینێت، منالاّن و ژنان و هاولاّتیان بەگشتی بەردەوام لە دلّەراوکێ ترس و تۆقاندا دەگوزەرێن. خوێندن و پەروەردە لە ئاستێکی زۆر نزم و نالەبارەدایە، خەلّکی بەگشتی لە ژیانێکی گولەمەرگی و کۆیلایەتی دا دەگوزەرێت. لەولاشەوە کەمینەیەک لەبەرپرسەکانی حیزبەکانی ناو دەسەلاّت و حکومەت بەرەو دەولّەمەندبوون و سەرمایەداری زیاتر هەلّدەکشێن.

لە باشووری کوردستانیش بەردەوام نارەزایەتییەکانی خەلّک لە هەلّکشاندایە و بەبێ چارەسەر ماوەتەوە، لە کاتی نارەزایەتی و خۆپیشاندانەکانی سالاّنی رابردوو و ئەم سالّی ٢٠١٨ خەلّکی شارو شارۆچکەکانی وەک دهۆک و زاخۆ و هەولێر و کۆیە و رانیە و قەلاّدزێ و سلێمانی و هەلّەبجە و کەلار و ...هیتد بە چەندەها کەس بوونە قوربانی و بریندار کران و ئازار و ئەشکەنجە دران و شەق وەشێن کران .

کەواتە لە هەردوو کۆمەلّگەدا سیستەمێکی فاشی و سەرکوتگەر و کۆنەپەرست و دژە بەشەری حاکمە، بۆیە خەلّک لەسەر داواکردنی ماف و ئازادییەکان سەرکوت و زیندانی دەکەن و زۆرجار بە نادیاری دەرِفێندرێ و تیرۆریش دەکرێ، تەنها لەبەرئەوەی داوای دابینکردنی (نان، ئازادی، نەمانی دزی و گەندەلّی و بێکاری و خۆشگوزەرانی بۆ سەرجەم هاولاّتیان دەکەن، داوایی دابینکردنی یەکسانی و بەرابەری دەکەن ).

بۆ گۆرانکاری لە هەردوو سیستەمەدا تەنها یەک رێگاچارە و نەخشەرِێگا هەیە بۆئەوەی بتواندرێت سیستەمێکی سیکۆلار و ئازاد دابمەزرێندرێت ئەویش بەهێزکردنی تێکۆشانی هاوبەشی یەکگرتووانەی خەلّکی چەوساوە و ناڕازییە، ئەرکێکی مرۆڤایەتی و ئازادیخوازییە کە ئەم تێکۆشانە هاوبەشە بە هێزبکرێت، هەر کەم تەرخەمیەک بە هەر جۆرێک بێت لە ئاستیدا نیشانەی فرامۆشکردن و دژایەتی کردنە لەگەلّ بە دیهێنانی ماف و ئازادییە ئینسانییەکان لە عێراق و کوردستاندا.

## درێژەی... گفتوگۆ لەگەڵ سروە فایەق...

منیش خەمی ئەوەم بوو کە مالّی باوک ودایکی کەم دەرامەت و هەژارم چۆن بتوانن شیرو خواردن بۆ منالّەکەم دابین بکەن. شایەنی بیرخستنەوەیە کە پاشان هاورێیانی رێکخستن یان دوستانمان توانیبوویان بەشێکی باش شیر دابین بکەن بۆ منالّەکە و دابوویانە دەستی مالّی دایکم، زۆر زۆر گرنگ بوو) هەروەها ژنێکی زیندانی بەناوی (لەیلا عەبدولا) ئەکات خێزانی(دلێر سەید مەجید) بوو کە لە هەندەران بە شێرپەنجە کۆچی دوایی کردبوو، کاتێک بە بارودۆخی ئێمەی زانی؛ ئەم بەرێزە ئەلّقەی پەنجەی خۆی داکەند و کردیە دیاری بەمن، بۆئەوەی بتوانم شیری منالّەکەمی پێ دابین بکەم. دوای چوار مانگ ئێمەیان گواستەوە بۆ زیندانی تەسفیرات کە جێگای ئێستای پارکی (دایک)ە. دایکم و برا گەورەکەم سەردانیان کردین. ئەلّقەکەم بۆ هەمان مەبەست دا بەدایکم. ئەمە هەستێکی مرۆڤانەی زۆر بەرزە و زۆر خۆشیشە کاتێک کاسانێکی بەرێزی وە کو ( لەیلا) کە هەرگیز نابێت ئەم هەلوێستە جوانەی لەبیر بکرێت ئەویش پێشکەشکردنی جوانترین بیرەوەری خۆی بە خەلّک، و وا بە بەرپرسیاریەتیەوە لەگەلّ دەوروبەریان هەلّسوکەوت دەکەن. من وەکو خۆم بەهۆی ئەوەی کەسێکی بەبیروباوەرِ کۆمۆنیست بووم، زۆرباش رێک کەوتبووم لە گەلّ زیندانیانیتردا، بە تایبەت میهرەبان، چونکە هاورێباز بووین. هەرچەندە درەنگ خۆمان ئاشکرا کرد لای یەکتر، چونکە زوربەی کات سیخورِیان دەنارده ناوەوە، نەمان دەتوانی بەئاشکرا قسەوباس بکەین لەبارەی رابردوەوە. هەم دوای زیندان، یادگاری... تالّمان زۆر هەیە. هەر لەو بیرەوەریانە، نەخوش کەوتنی کچەکەم بوو؛ بەسەیارەی سجن بردمانیان بۆ نەخوشخانە.

<u>**بۆپێشەوە**</u> : چۆن و کەی ئازادکران؟ دەتوانن بیرەوەری ناو زیندانمان بۆ بگێرِنەوە خۆش یان ناخۆش؟

<u>**سروە**</u>: لە بەرواری ١٩٩١/٣/٨ئازادبووین. خوشبەختانە و سەربەرزانە لەلایەن خەلّکی راپەرِیوەوە لەراپەرِینە جەماوەریەکەی بەهاری ئەوسالّە کە خۆی بریار بوو ئەوکۆمەلّە مرۆڤە لە رۆژی نەوروزدا گوللەباران بکرێن، بۆزیاتر چاوترسێنکردنی خەلّکی.

<u>**بۆپێشەوە**</u> : ئێوە دوای ئەم هەمووسالّە کە دەسەلاّتی بزووتنەوەی کوردایەتی دەبینن چی دەلّێن؟

<u>**سروە**</u>: شۆرِش و راپەرِین؛ یانی ئالّوگۆرِی سیاسی ئابووری کۆمەلاّیەتی و فەرهەنگی... هتد، بەداخەوە نەک هەر ئەمە رووی نەدا! بگرە کۆمەلّگە بۆ دواوە گەرێنرایەوە و ئالّووگۆرێکی جەوهەری ئەوتۆ بە بەراورد بە سەردەمی پێشوو، نەک هەر رووی نەداوە تەنها هەندێ شتی روالّەتی نەبێت. بگرە وەزعیەتی خەلّک بەگشتی خراپترو کارەسات بارتر بووە. زۆرم لام سەیرە کە دەلّێن (ئەو رۆژانەی ئەمرِۆیان دروستکرد) کە ئەم هەموو رەنج و ماندووبوون و گیانفیداییە، بووە خێرو بەرەکەت بۆ کۆمەلّێکی دەسەلاّتدارو خەلّکی زەحمەتکێشیش بەگشتی لەژیانکی مەمرە و مەژی دا گوزەران دەکەن ... .بۆیە شۆرِش بەردەوامە ..

## درێژەی دوا ستوون...

بەشی حزبیان وەربگرن. لە کاتێکدا ئەم حزبانە ئەو کارە بە چالاکی شۆرشگیرانە دەزانن، کە ئەزموونی عیراق و سوریا ولیبیا و دەستێوردانی ئەمریکاو غەرب لەبەردەمیانەو دەزانن چ کارەساتێک بۆ جەماوەری نارازی و خەلّکی بەدوای خۆیدا هێناوە چۆن کۆمەلّگەی ویران و بەرەو دواوە پەلکێش کردووە.

جمهوری ئیسلامی دەبێ و پێویستە بە هێزی بزوتنەوەی جەماوەری و شۆرشی لەخوارەوەی بێبەشان بروخێنرێت، نەک بە پشت بەستن بە دەستێوەردانی دەرەکی و دەخالەتی ئەمریکاو غەرب... هەر هێزێکی شۆرشگێرِ ئەگەر دەیەوێت بەشێک بێت لە هێزی شۆرشگێر و پشتیوانی جەماوەری، پیشمەرجی هەر کارو هەنگاوێکی دەبێ خۆجیاکردنەوە بێت لە سیاسەتی ملهورانەو قازانج پەرستانەی ئەمریکاو غەرب. ئەو حزب و هێزانەی خۆیان گرێداوە یان دەیانەوێت بەخۆبەستنەوەو بەئەمریکاو غەرب و سیاسەتەکانیان جمهوری ئیسلامی بروخێت، بێ هیچ گومان و ئەو لاو لایەک، کۆمەک بە جمهوری ئیسلامی دەکەن و دەچنە بەرەی دژە شۆرشی جەماوەرییەوە. وە دەبنە بەشێک لەو هێزە رەشانەی داهاتوو. حزبی سیاسی شۆرشگێر و پێشکەوتنخوازو ئینسانی، ئەو حزبەیە کە لەپشتی جەماوەی نارازیی دەوەستێت و ئاسۆی رزگاریان بەدەستی خۆیان دەخاتە بەدەست، کاری ریکخستن و یەکگرتووکردن و رێنوێنکردنیان بەئەرکی خۆی دەزانێت و هێزی چەکدار و دەستەی چەکداریش لە کاتی خۆیدا بۆ پشتیوانی لە بزوتنەوەی شۆرشگێرانەی جەماوەری، ئامادە دەکات... جەماوەر چەکدارکردن بۆ یەکلاییکردنەوەی نەبەردی کۆتایی بەئەرکی خۆی دەزانێت، بۆ تێکشکاندنی دەزگای سەرکوتگەر و چەکداری دەسەلاّتی ئیسلامی. ئەو چەند چالاکییە چەکدارییەی لەو ماوانەی دواییدا کراون، بەهیچ جۆرێک ناچێتە خزمەت بە بزوتنەوەی نارەزایەتی بێبەشان و شۆرشی داهاتووی خەلّکی ئێران بۆ روخاندنی جمهوری ئیسلامی... حزبە چەپ و کۆمۆنیست و پێشکەوتنخوازەکان ئەرکیانە، ماهیەتی ئەو حزبانە و ناوەرۆکی پرۆژە دژە شۆرشەکانی ئەو هێزانە لە ئیستاوە بۆ جەماوەر بخەنە روو، ئەو حزبانەی کەدەیانەوێ بەخۆ شەتەک دان بە سیاسەتەکانی ئەمریکاوە لە پشتیوانیکردن لە ئابلۆقەی ئابورییەوە، تا بەرە سازکردن و پولّ وەرگرتن و خۆ بەستنەوە بە نەخشەکانی ئەمریکاو غەربەوە... جیگایەک لە ئایندەدا بۆ خۆیان پەیا بکەن... هێزو حزبی دژە شۆرِشن.

لەوانەش واوەتر خەلّکی کوردستان و ئیران و نەک هەر نابی هیچ خۆشباوەریەکیان بە ئەمریکاو غەرب و ئەو هیزە سیاسیانە هەبێت، کە ئومیدی خۆیان بە ئەمریکاو غەربەوە دەبەستنەوە... بەلّکە ئەرکیانە دەست بخەنە ناو دەستی یەکتری و ریگە نەدەن ئەو حزبانە کایە بە خۆپیشاندان و نارەزایەتی جەماوەری و راپەرین و شۆرشی بێبەشانەوە بکەن.

بۆپێشەوە
FORWARD
بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە
Forward

ڕاوێژکاری سەرنووسەر: ڕێبوار ئەحمەد
نووسەرانی ئەم ژمارەیە:
عەبدوڵا مەحمود، ئاراس ڕەشید، شوان عەزیز،عەبدالرحمن رەسوڵ، هەتاو عەبدوڵاهی،ڕۆژ عەزیز

بۆپێشەوە
سەرنووسەر: عەبدوڵا مەحمود

بۆناردنی بابەتو پەیوەندی: bopeshawa@gmail.com
بۆ پەیوەندی بەسەر نووسەرەوە:
abdulla.mahmud@gmail.com
بۆ خوێندنەوەی بابەت و وتارەکانی بۆ پێشەوە سەردانی سایتی بۆ پێشەوە بکەن:
www.bopeshawa.net

# دوا ستوون

## چالاکی پێشمەرگانە لە ئێران، خزمەت بەکێ دەکات؟

نووسینی: عەبدوڵا مەحمود

لەم ماوانەی دوایدا چەند چالاکیەکی پارتیزانی و پێشمەرگانە لە چەند ناوچەیەکی کوردستانی ئێران لەلایەن پژاک و حزبی دیموکراتی ئێرانەوە ئەنجام دران و لەم چالاکیانەشدا بەداخەوە ژمارەیەک پێشمەرگە بوونە قوربانی... جێگای ڕامان و هەڵویستە لەسەرکردنە، لە کاتێکدا خۆپیشاندان و نارەزایەتی جەماوەری دژ بە برسێتی و گرانی و بێکاری و لە بنەرەتدا دژ بە دەسەڵاتی رەشی جمهوری ئیسلامی ئیران رۆژ بەرۆژ بەرینتر و فراوانتر دەبێتەوە، ئاستی داخوازییەکانی خۆپیشاندەران هەڵدەکشی، لەباری چۆنیەتیەوە، پێشرەوی لەو خۆپیشاندان و نارەزایەتیانەدا دەچێتە پێشەوە... بەشداری جەماوەری زۆرتر دەبێ و بەتایبەتیش رۆڵی کرێکاران و ژنان بەرجەستەتر دەبێتەوە، کەچی لەو کاتەدا ئەو حزبانە دەست بۆ چالاکی پێشمەرگانەی لێرەو لەوێ دەبەن.

بۆ هەر هێزو حزبێکی سیاسی ئەگەر بڕوای بەرۆڵی خەباتی جەماوەری هەبێت، لەدڵی هەلومەرجی ئێستای ئیران و کوردستانی ئێراندا مەسەلەی میحوەری رینوێنی و سازدان و پشتیوانکردن و بەشداری ئاگاهانەیە لەو خۆپیشاندان و نارەزایەتییە جەماوەریانەدا، کەچی ئەم حزبانە لێرەو لەوێ نمایشی چەکداری و چالاکی چەکداری ئەنجام دەدەن... دیارە بەو کارەشیان نەک خزمەتێک بە بزوتنەوەو خۆپێشاندانە جەماوەرییەکان ناکەن، بەڵکە گورز دەوشێنە ئەو بزوتنەوە جەماوەری و شارییەی، سەرتاسەری ئیرانی گرتۆتەوە هەر رۆژە لە چەند شارێکدا روودەدەن. وە دەستی رەشی جمهوری ئیسلامی ئاوەڵادەکەن تا زۆرتر لەوەی هەیە کەشی ئەو شوێن و ناوچانە زیاتر میلتاریزە بکەن و سەرکوتی بێپەردەی سیاسی فراوانتر لەدژی هەڵسوراوانی سیاسی و چالاکوانانی مەدەنی، ئەنجام بدەن.

لەحاڵیکدا بەهێزکردنی بزوتنەوەی جەماوەری شاری دەبێتە ئەرکێکی پێویست لەبەرامبەر بە جمهوری ئیسلامیدا و ئەوە دەخوازێت خەڵکی شارەکانی کوردستان بە بزوتنەوەی نارەزایەتی و خۆپیشاندانەکانی شارەکانی ئێرانەوە پەیوەست بن و هاوکاری و هاریکاری یەکتری بن و حزبە سیاسیەکانی کوردستان هەوڵی هێنانە مەیدانی جەماوەری بدەن، کەچی بەشێک لەو حزبانە، خۆیان لەو ئەرکە دەدزنەوەو دەیانەوێ بزوتنەوەی نارەزایەتی جەماوەری بکەنە قوربانی چەند چالاکیەکی چەکدارانە لەبەرامبەر سات و سەودایەکی نارەوادا. ئەو حزبانە چونکە چاو لەدەستی دەستێوەردانی دەرەکی و بەتایبەتیش ئەمریکاو غەربن لە دۆخی ئێراندا، دەیانەوێ بەو چالاکیانە، دڵی ئەمریکاو غەرب بۆخۆیان رابکێشن و لەهەر ئاڵوگۆڕیکی ئایندەی ئێراندا...

بۆ لاپەرە ١١


## دووساڵ بەسەر تیرۆری رۆژنامەنووس وەدات حسێن دا، تێدەپەڕێت، تۆمەتبارانیشی ئازادن!!



١٣ ئابی ٢٠١٦ رۆژنامەنووس وەدات حسێن لە ناوجەرگەی شاری دهۆکدا، لەلایەن چەند چەکدارێکەوە، رفێنراو پاشان بەبرینێکی سەختەوە لەسەر رێگای سومێل- دهۆک جەستەی زامدارو لەخوێن هەڵکێشراوی دۆزرایەوە، پاشان لە نەخۆشخانە گیانی لەدەستدا...

١٣ ئەم مانگە دووساڵ بەسەر ئەم کردەوە تیرۆریسیەدا تێپەربوو، کەچی تا ئێستا بکوژ و نەخشەدارێژەری ئەم رفاندن و تیرۆکردنە، ئاشکرا نەبووە.

دوا دوساڵ لە تیۆری رۆژنامەنووس وەداد حسێن، دەزگاکانی حکومەت!! و دەسەڵات، نە سەرەداوێکی ئەم تیرۆرەو نە تاوانبارێکی ئاشکرا نەکردووە، لەکاتێکدا هەر ئەو دەزگایانە بۆ سەرکوتی رابەرانی جەماوەری و خۆپیشاندەران، بۆ دۆزینەوەی نەیارانی دەسەڵاتیان، چاو تیژ و تیژ رەون و لەماوەیەکی کەمدا روداو و دۆسیەی زۆر ئاڵۆز لە رێگای دەزگا و جاسوسەکان و پیاوە نۆکەرەکانیانەوە، ئاشکرا دەکەن و دەدۆزنەوە... ئەمەش ئەو نیشان دەدات کە خودی دەسەڵات ئاگاداری ئەم پیلانە چەپەڵەی تیرۆرەو لە ژێر باڵی ئەوان بەدەستی خۆیان یان بەئاگاداری ئەوان، ئەنجام دراوە... بەناو ئۆپۆزیسیۆنی دەسەڵاتیش کە لەهەموو شارەکانی کوردستاندا بوونیان هەیەو دەتوانن کاری دۆزینەوەو ئاشکراکردنی تۆمەتباران ئەنجام بدەن... بێدەنگەیان هەڵبژاردووەو ئامادەنین، بەکردەوە خۆیان بکەنە خاوەنی ئەو دۆسیانەی پەیوەندیان بە ئازادی و ئازادی کاری رۆژنامەگەرییەوە هەیە... ئەوەی دەنگی نەفرەت و تورەیی بەرووی ئەم پلانەدا بەرزکردۆتەوە یان خەریکی ئیدانەو چالاکی و بەدواداچوونە، ژمارەیەکی کەم رێکخراوەی مەدەنی دەستکورت و ژمارەیەک رۆژنامەنووسی ویژدان زیندووی نەکڕدراو کەڕ نەکراون و کوێرنەکراون... دۆسیەی وەدا و تەواوی رۆژنامەنووس و هەڵسوراوانی سیاسی و ئازادی و قوربانیانی، دۆسیەکی کراوەیەو تا سەر دیزە بەدرەخۆنە ناکرێن و ناشاردرێنەوە، رۆژێک دێت، تۆمەتباران و نەخشە دارێژەرانی پشتیان، توشی لێپێچینەوەی عەدالەتخوازی بکرێن، ئەم رۆژە هەر دێت...



## "سەمیر ئەمین" گەورە بیرمەندی ئابووری میسری لە تەمەنی ٨٧ ساڵیدا لە پاریس گیانی لەدەستدا

سەمیر ئەمین لە ٣ی سپتامبەری ١٩٣١م لەدایک بووە. بیرمەندێکی ئابووری گەورەی میسری بوو، و یەکێک بوو لە بەنابانگترین ڕاگەیاندکارانی" قوتابخانەی التبعیة". هەروەها یەکێکە لە گرنگترین دامەزرێنەرانی بیردۆزی" سیستەمە جیهانیەکان".

سەمیر ئەمین منداڵی خۆی لە شاری پۆرسەعید بەسەربردووە. لەباوەشی دایکێکی فەرەنسی و باوکێکی میسری گەورە بووە. هەردووکیان دکتۆر بوون. هەر لەو شارەدا بڕوانامەی دواناوەندی لە سالی ١٩٤٧ وەرگرتووە، لە یەکێک لە خوێندنگا فەرەنسیەکان، دواتر بەرەو پاریس چووە بۆ خوێندن تا سلّی ١٩٥٧. ساڵی ١٩٥٢ دبلۆمی لە زانستە سیاسیەکان بەدەسهێناوە، ١٩٥٦ بڕوانامەی لە ئامار بەدەستهێناوە، دوایی لە ١٩٥٧ بڕوانامەی لە ئابووری وەرگرتووە. پێش ئەوەی بگەڕێتەوە میسر دەبێتە خاوەنی بڕوانامەی دکتۆرا لە ئابووری زانکۆی سۆربۆنی فەرەنسی.

ساڵی ١٩٥١ دەبێتە ئەندامی حزبی شوعی فەرەنسی، بەڵام مارکسیەت و سۆشیالیزمی یەکێتی سۆڤیەت سەرنجی ڕاناکێشێت. ئەمین بۆتە ڕاوێژکاری ئابووری لە مالی و کۆماری کۆنغۆ و مەدەغەشقەر و وڵاتانی دیکەی ئەفەریقا. هەروەها بەڕێوەبەری پەیمانگەی نەتەوە یەکگرتووەکان بووە بۆ نەخشەی ئابووری IDEP لە داکار بۆ ماوەی ١٠ ساڵ، لە حەفتاکانی سەدەی رابردوو. لە ماوەی ئەو کارانەیدا بەشداری دروستکردنی ڕێکخراوی لێکۆڵینەوەی زانستی بۆ ئەفەریقا کردووە، وەک ( ئەنجومەنی ئەفەریقی بۆ گەشەسەندنی لێکۆڵینەوەی کۆمەڵایەتی و ئابووری (کۆدیسریا)، کۆبەندی جیهانی سێ کە خۆی سەرۆکایەتی دەکرد. ئەمین پێشەکی بۆ زۆرێک لە خوێندنەوە هەیە بۆ پرسە سەرەکیەکانی وەک( پەیوەندی نێوان ناوەند و دەوروبەر، التبعیە، چوار جیهانی، هەوڵێک بۆ نوێکردنەوەی خوێندنەوەی مادیەی تاریخی و شێوەکانی بەرهەمهێنان)

ژمارەیەکی زۆر لەوتار و لێکۆڵینەوەی هەیە و پەرتوکخانەی عەرەبی و سایتە عەرەبیەکان بڵاویان کردوونەتەوە.

## دوا کات بۆ ناردنی بابەتەکانی ژمارەی داهاتوو ٢٨/٨/٢٠١٨